# مێژووی ئەندەلوس

## ٩٢-٨٩٧ك/٧١١-١٤٩٢ز

د. تابان صباح پیربال

قۆناغی دووەم

٢٠٢٣-٢٠٢٤

**سەرچاوە رەسەنەکان:**


- احمد المقري: نفح الطيب من غصن الاندلس الرطيب
- ابن الأبار :التكملة لكتاب الصلة - الحلة السيراء

- ابن عبد الحكم: فتوح مصر والمغرب

- ابن بشكوال : الصلة

-البكري : المسالك والممالك، (الجزء الخاص بالأندلس وأوروبا)

-ابن حزم : طوق الحمامة في الألفة والالاف

-رسائل ابن حزم الأندلسي - فضائل الاندلس واهلها

-ابن حيان : المقتبس

-ابن الخطيب : الإحاطة في أخبار غرناطة

-ابن خلدون: المقدمة

-ابن سعيد المغربي: المغرب في حلي المغرب

-صاعد الأندلسي : طبقات الأمم

-ابن عذاري : البيان المغرب في أخبار الأندلس والمغرب

-العذري : نصوص عن الأندلس

-المسعودي : مروج الذهب ومعادن الجوهر


**ژێدەرەکان:**


-حسين المؤنس: معالم تاريخ الأندلس والمغرب -التاريخ الأندلسي

-محمد عبد الله عنان: دولة الإسلام في الأندلس

- **مێژووی ئەندەلوس**
- دەست پێ دەکات لە ۹۲ک تا ۸۹۷ک/۷۱۱ز-۱٤۹۲ز
- ئەندەلوس بەو ناوچانە گوتراوە کە موسوڵمانان دەستیان بەسەر داگرتوە، لە نیمچە دوورگەی ئیسپانیا.
- ئەندەلوس واتا نیمچە دورگەی ئیبیریا واتا ئیسپانیا و پورتوغالی ئێستا.
- ووشەی ئەندەلوس دەگەڕێتەوە بۆ ووشەی وندال یان فاندال یان فاندالوشیا، کە چەند هۆزێکی جەرمانی بوون لە باشوری ئیبیریا نیشتەجێ بوون لە سەدەی پێنجی زاینی بەرلەوەی قوتەکان بێن و دەریان بکەن لەم ناوچەیە.
- **ئەندەلوس بەر لە فە تحی ئیسلامی**
- **لەسەردەمی قوتیەکان زمانی فەرمی رومانی –لاتینی- بوو.**
- **قوتیەکان ئاینی نەصرانیان وەرگرت هاتنە سەر مەزهەبی ( ئەریوسی )لە کاتێک دا خەلکی ئیسپانیا لەسەر مەزهەبی کاسۆلیکی بوون.ئەم جیاوازی مەزهەبیە بووە هۆی ناکۆکی لە نێوان خەلکی ئیسپانیا و قوتیەکان.**
- **سی ساڵ بەر لە فە تحی ئیسلامی بە سالانی نائارامی و ئاژاوە دادەنرێت لە مێژووی ئیسپانیا کە لە ژێر دەسەلاتی قوتیەکان بوون ئەمەش بەهۆی زۆری ململانی لەسەر دەسەلات هەر لە نێوان قوتیەکان خۆیان و ململانی چینایەتی نێو کۆمەلگای ئیسپانی کە جیاوازی چینایەتی زۆر ببوو.**

- **کۆمەلگای ئیسپانی بەسەر چوار چین دابەش ببوو:**
- **١- چینی خانەدانەکان: کە بنەمالەی فەرمانرەوای قوتیەکانی دەگرتەوە لەگەل خانەدانە رومانیەکان.**
- **٢- چینی پیاوانی کەنیسە: ژمارەیان زۆر بوو و سەروەت و سامانێکی زۆریان هەبوو، خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی و ئاینی زۆر بوون.**
- **٣- چینی بازرگان و جوتیار و خاوەن مولکی بچوك: ئەم چینە ئازاد بوون کە باجێکی زۆریان کەوتبووە سەر شان و دەچەوسێندرانەوە.**

- ٤- چینی کۆیلەکان: ژمارەیان ئیجگار زۆر بوو مامەلەیەکی خراپیان لەگەل دەکرا و توانای ئەوەیان نەبوو داوای مافی خۆیان بکەن.
- جگە لەم چینە ژمارەیەکی زۆری جوولەکە لە ئیسپانیا بونیان هەبوو، دەستیان بەسەر ژیانی ئابووری ئیسپانیا داگرتبوو، بەلاٌم مامەلـەیکی زۆر خراپیـان لەگـەل دەکـرا و زولم و زۆری زۆریان چەشتبوو لەسەر دەستی فەرمانرەواکان. تەنانەت ناچـار دەکـران بەزۆر ببن بە نەصرانی. و سەروەت و سامان و مولکیان لیٚ دەست بەسەر دەکرا.
- بەر لە فە تحی ئیسلامی بە سالیٚك یان زیاتر یەکیٚك لـە سـەرکردە سـەربازیەکان بـە ناوی –رۆدریگ- لذریق. دەست بەسەر دەسەلات دادەگریٚ و پادشا لادەدات لە دەسەلات. سیاسەتیٚکی زۆردارانەی گرتە بەر، ئەمەش بووە هۆی ئاژوە و شۆرش و راپەرین لە ولاٌت کە لاینگران و ئەندامانی خیٚزانی پادشا سەرپەرشتیان دەکرد بۆ گیرانەوەی دەسەلاٌتی خۆیان بەمەش هانایان بۆ موسلمانان برد تا دەسەلاتەکەیان بۆ بگیٚرنەوە.
- قۆناغەکانی دەسەلاتی دەولٌەتی ئیسلامی لە ئیسپانیا

١- قۆناغی فتوحاتی ئەندەلوس نزیکەی چوار سالٌی خایەند٩٢-٩٥ك.

٢- سـەردەمی والیـەکان ٩٥-١٣٨ك، چـل و دوو سـالٌی خایەنـد، نزیکـەی بیسـت والـی فەرمانرەوای ئەندەلوسیان کرد و ملکەچی راستەوخۆی دەسەلاتی خیلافەتی ئومەوی بوون لـە دیمەشق.

٣- سەردەمی میرنشینی ئومەوی ١٣٨-٣١٦ك: ئەم سەردەمەش دەسـت پیٚـدەکات بـە هـاتنی عبدالرحمن داخل بۆ ئەندەلوس، هەستا بە دامەزراندنی میرنشینیکی سەربەخۆ کـە ملکەچـی خیلافەتی عەباسی نەبوون. سەد و حەفتاو هەشت سالی خایەند ئەم قۆناغە کۆتای هات بـە راگەیاندنی خیلافەت لـەماوەی فەرمانرەوایـەتی مـیر عبـدالرحمن ناصـر-عبـدالرحمانی سیٚیەم- لە سالٌی ٣١٦ك.

٤- سەردەمی خەلیفەکانی ئومەوی ٣١٦-٤٢٢ك

٥- سەردەمی طوائف ٤٢٢-٤٨٤ك ئەم سەردەمە دەست پێدەکات بە ڕاگەیاندنی وەزیــر ابــو حزم بن جهور بە لەناوچوونی خیلافەتی ئومەوی لە ئەندلوس بۆیە هەر میرێك لــە میرەکــانی ئەندلوس سەربەخۆی خۆیــان ڕاگەیانــد نزیکــەی ٢٢ میرنشــینیان ڕاگەیاند، ئــەم ســەردەمە بەسەردەمی ئاژاوە دادەنرێت نزیکەی شەست ساڵی خایەند، هەر میرێك لەگەڵ میرێکی تــری موسلمان لە ململانی بەردەوام دابوون بۆیە بوون بە نێچیرێکی ئاسان بۆ نەصرانیەکانی باکوور تا گەیشتە ئەو رادەیەی هانایان بۆ پاشا ئەلفۆنسۆی شەشەم دەبــرد دژ بەیــەك و جزیــەیان پێدەدا.

٦- سەردەمی مرابطین ٤٨٤-٥٣٩ك.

٧- سەردەمی موحددین ٥٣٩-٦٢٠ك.

٨- سەردەمی میرنشینی غرناطة - بنی الاحمر- ٦٢٩-٨٩٧ك بە لە ناوچونیان کۆتــای بــە دەسەڵاتی موسلمانان هات لە ئەندەولوس.

**هۆکارەکانی فەتحی ئیسلامی بۆ ئەندەلوس**

- جیهاد کردن لە پێناو و بلاو کردنەوەی ئاینی ئیسلام لەم وڵاتە.
- خراپی بارودۆخی ناوەخۆی ئیسپانیا و ئەو زولم و زۆرداریەی لە خەڵکەکەی دەکرا.
- بۆ پاراستنی ســنوری دەولــەتی ئیســلامی لــە رۆژئــاوا لــە هەرەشــەی قوتــەکان لــە ئەندەلوس.
- لایەنی ئابوری هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ فتحی ئەندەلوس بەهۆی دەولەمەنــدی ئــەم وڵاتە.

داواکاری یولیان-جولیان-فەرمانرەوای سەبتە بۆ هاوکــاری دژ بــە لــۆدریگ، بــەهۆی دەستدرێژی کردنی لۆدریگ بۆ سەر کچەکەی- زانراو بوو لەم سەردەمە خانەدانــەکانی (قوتی) یەکان کچ و کورەکانیان دەنارده کۆشکی پادشایەتی لــە طلیطلة بــۆ ئــەوەی فێری ئادابی پادشاکان بن-یولیان بۆیە کچەکەی خۆی بەناوی( فلوریــدە )ی نــاردبووە کۆشگی پادشایەتی لە طلیطلة کاتێك رازی نەبوو شوو بە لۆدریگ بکــات دەســتدرێژی

کردبووە سەری ئەمش بووە هۆی ئەوەی باوکی تۆڵەی ئەمە لە لۆدریگ بکاتەوە بە یارمەتی دانی موسلمانان و هاندانیان تا هێرش بکەنە سەر ئەندەولس،ریوایەتەکان باس لەوەدەکەن کە یولیان پێشبینی ئەوەی نەدەکرد کە موسلمانەکان لە ئەندەلوس بمێنەوە بەڵکو تەنها دەست بەسەر غنائم دابگرن بگەڕێنەوە.

## فەتحکردنی ئەندەلوس

- ڕێرەوی فەتحکردنی ئەندەلوس:
- دوای ئەوەی موسا کوری نەصیر بووە والی باکوری ئەفریقیا، طارق کوری زیادی کردە کاربەدەستی شاری طنجە.
- بەڵام شاری سەبتە هەر لە ژێر دەسەڵاتی حاکم جۆلیانی(یولیان)ی بیزنتی مابۆوە، لایەنگری پاشا غیطشة بوو و پەیوەندی خزمایەتیشان هەبوو، دوای ئەوەی لۆدریگ دەست بەسەر دەسەلاتداگرت یۆلیان و لاینگرانی پاشای لەکارلادراوی قوتی هەولی گێرانەوەی دەسەلاتیان دا بە یارمەتی موسلمانەکان.

پەیوەندی کردنی یۆلیان بە تاریقی کوری زیاد

یۆلیان پەیوەندی بە تاریقی کوری زیاد کرد ئەویش هەر زوو پەیوەندی بە کاربەدەستی باکوری ئەفریقیا کرد کە موسای کوری نەصیر بوو.

بۆ ئەم کارە مەزنەش دەبوایەخەلیفەی موسلمانان ئاگادار بکەنەوە، لەسەرەتا خەلیفەی ئومەوی ولیدی

کوری عبدالملك ڕاڕابوو ترسی هەبوو لە شکستی موسلمانان، بۆیە خەلیفە داوای لێکرد سەرەتا هەلمەتی سەربازی

بچووك وەك سریە بنێرێت تا شارەزای ناوچەکە دەبن .

گەیشتنی موسڵمانەکان بەخاکی ئەندەلوس؛

**طریفی کوری مالك یەکەم سەرکردەی سەربازی موسلمانان بوو چووە ئەندەلوس**

- **ئەمەش دوای ئەوەی طارق و یولیان رێکەوتن هەڵمەتێکی سەربازیان نارد بۆ سەیرکردنی بارودۆخی ئەندەلوس لە ساڵی ٩١ک، بەسەرکردایەتی طریف بن مالك لەگەل ٥٠٠ جەنگاوەر لەم هەلمەتەیان سەرکەوتن و بە سەلامەتی و دەسکەوتێکی زۆر گەرانەوە.**
- دوای ئەوەی دڵنیا بوون لە شیاوی بارودخەکە بۆ هێرش کردن ساڵی ٩٢ک طارق کوری زیاد بە هەڵمەتێکی سەربازی حەوت هەزار جەنگاوەر روویکردە ئەندەلوس لە چیای کالپی هاتەخوارێ کە دواتر ناسرا بە جەبەل طارق.

دوای ئەوەی طارق دەستی بەسەر ئەم ناوچەیە داگرت لە جزیرة الخضراء کەسەربازگەیەکی سوپای ئیسپانی لی بوو.

**دوای سەرکەوتنی طارقي کوری زیاد هەواڵ دەگاتە لۆدریگ لەو کاتەدا لە باکوری ئسپانیا خەرکی سەرکوتکردنی شۆرش و راپەرین بوو، گەرایەوە طلیطلة و چەند سوپایەکی ئامادە کرد و ناردی بۆ رووبەروو بونەوەی موسلمانەکان بەلام هەمویان شکستیان هێنا کە یەکێکیان بەسەرکردایەتی کوری خوشکی بە ناوی (ینج) کە گەورەترین سەرکردەی سەربازی بوو– ئەویش لە رووبەروو بونەوەی موسلمان کوژرا. بۆیە هەستا بە ئامادەکردنی سوپایەکی زۆر گەورە بە سەرکردایەتی خۆی کە سەرچاوەکان بە ١٠٠ هەزار یان ٧٠ هەزاری دەخەملێنن ئامادە کرد بۆ رووبەروو بونەوەی موسلمانان.**

**لەم کاتەشدا کە طاریقی کوری زیاد بەم ئامادەکرایەی لۆدریگ دەزانی داوای سوپای زیاتر دەکات بۆیە موسای کوری نصیر پینج هەزار سەربازی دیکەی بۆ دەنێریت کە ژمارەی سوپای موسلمانان بەمە گەیشتە ١٢ هەزار سەرباز.** لە ئەنجامدا شەرێک روودەدات کە ناسرا بە شەری وادی لکە-یان برباط – لە –ناوی شوێنەکە هاتووە–شەرەکە بۆماوەی هەشت رۆژ دەخایەنێت لە کۆتایدا طارق سەرکەوتن بە دەست دەهێنێت.

**طارق بەردەوام دەبێ لە هەڵمەتە سەربازییەکەی دوای ئەوەی جۆلیان ئامۆژگاری کرد کە بەردەوام بێت لە دەستگرتن بەسەر ئەندەلوس، ئینجا هەڵمەتەکە گەیشتە شاری تولەیتلە، هەڵمەتێکی لاوەکی تری نارد بۆ شاری قورتوبە.**

**لە ماوەی ساڵی ٩٣ک طارق توانی بەشێکی زۆری ناوچەی ئەندەلوس فەتح بکات.**

**ساڵی ٩٣ک موسا کوری نەصیر لە جەزیرەی خەزراء دێتە خوارێ دەست بە هەڵمەتی گرتنی ئەندەلوس دەکات ئەو ناوچانەی کە طارق نەیگرتبوو، وەکو قەرمۆنە  پاشان ئیشبیلیا، ماوەی چەند مانگێک لەم شارە بەرهەڵستی دەکرێت پاشان دەتوانێ بیخاتە ژێر قەڵەم ڕەوی موسڵمانەکان.**

**دوای ئیشبیلیا هێرش دەکاتە سەر شاری ماردە، دوای ئابلوقەدانی شاری ماردە بۆ چەند مانگێک شارەکە تەسلیم دەبیت. لەئەنجامدا ریکەوتنێك دەکرێت لەنێوان خەڵکی شاری ماردەو موسلمانەکان.**

**گرنگترین بەندەکانی رێکەوتنامەکە:**

- **١- دەستگرتن بەسەر پارەی مردوەکان و هەڵاتوەکانی سەربازەکانی قوتی رۆژئاوایی.**
- **٢- دەستگرتن بەسەر پارەی کەنیسەو کۆگاکان.**
- **٣- پاراستنی ئاسایشی هەر کەسێک کە بیەوێت لە شارەکە بمێنێتەوە.**
- **٤- رێگەدان بە دەرچوون هەر کەسێک لە قوتەکان کە دەیانەوێت شارەکە جێبهێڵێن.**

- ساڵی ٩٤ک هەردوو سوپا (موسا، طارق) لە شاری تولەیتلە یەکدەگرن، بە درێژای وەرزی زستان لەم شارە دەمێننەوە.

لێرەدا موسای کوری نەسیر دەستی بە کارەکانی کرد وەك یەکەم والی موسلمان کە فەرمانرەوای ناوچەیەکی گرنگی ئەوروپا بکات بەواتایکی تر دەستی کرد بەریکخستنی سیستەمی فەرمانرەوای ناوچەکە.

– دەستی بە هەندێك رێکخستنی کارگێری ناوچەکە کرد.

- فرمانی بە لێدانی دراوی زێر کرد بۆ موچەی سەربازەکان.

– لیدانی دراوی زیو بەمەسەتی رایی کردن وکار پێکردنی رۆژانە.

-فرمانی کرد بە گێرانەوەی مولك و مالی پاشای پێشوو غیتشە کاتێك لۆدریگ لە پیشووتردا دەستی بەسەرداگرتبوو، برایەکی غیتشەی کردە سەرۆکی کەنیسە لەسەر شاری تولیتلە کە پۆستێکی گرنگ بوولە کۆمەلگای ئیسپانی.

- موسای کوری نەسیر و تاریقی کوری زیاد لە کۆتایی وەرزی زستان جاریکی تر دەست دەکەنەوە بە فتوحات، ئەم جارە روو لە شاری سەرقستە دەکەن کە پایتەختی ناوچەکانی باکوور بوو. دواتر روویان لە شارەکانی تری ئەم ناوچەیەی کرد وەك تەرگۆنە و بەرشەلۆنە ولاردە و ووشقە، خستیانە ژیردەسەلاتی خۆیان.
- بەرەو ناوچەکانی باکوری رۆژئاوای ئەندەلوس رۆیشتن توانی نزیك بیتەوە لە خیخون پایەتەختی لیون بوو.
- لەو کاتە نوێنەری خەلیفەی موسلمانان هەولّیان پێدەگەینێت کە بە زوترین کات لە ئەندەولس بوەستن وبگەرێنەوە پایتەخت. بەلام موسا توانی نوینەرەکە رازی بکات کە لەگەلی فتوحات بکەن، توانیان خیخون و ناوچەی دیکە فەتح بکەن جگە لە ناوچەی ( صخرە) ئینجا رووی لە جلیقە کرد خستیانە ژێردەسەلاّتی موسڵمانەکان، تەنها شوێن ناوچەی (صخرەی بلای ) مابویەوە لە دەست قوتیەکان.
- هەردوو سەرکردەی موسلمانان نەیانتوانی بەردەوام بن لە فەتحکردنی ناوچەکانی باکوری رۆژئاوای ئەندەلوس بە هۆی داواکردنیان لە لایەن خەلیفە لە دیمەشق سالی ٩٥ك.
- دوای ئەوان عەبدولعەزیز کوری موسا نەیتوانی درێژە بە کارەکەی باوکی بدات لە فەتحکردنی ناوچەی ئەندەلوس ئەگەرچی هەندێ ناوچەشی فەتح کرد.

**هەموو ئەندەلوس فتح كرا جگە لە صخرە بلای كە بەناوی سەركردەی نەصرانی بلای كرا، ئەمەش دوای ئەوەی لەگەڵ ٣٠ سەربازی قوتی خۆی لەم ناوچەیە حەشار دا، چونكە ناوچەیەكی چیای سەخت بوو**

**. كەوتبویە ئەوپەڕی باكوری ئەندەلوس.**

**لای ئیسپانیەكان بە( كوفادونگا) ناسراوە.  فتوحاتی ئیسلامی لەم ناوچەیە وەستا دواتریش بوو بە بنكەی هەلمەتەكانی پاشماوەكانی (ئیسپانیەكان) بۆ دووبارە سەندنەوەی ناوچەكانیان لە دەست موسلمانەكان.**

- دوای عەبدولعەزیزكوری موسا، ئەیوب كوری حەبیب ئەللخمی هەوڵیدا ناوچەی باكور خاوێن بكاتەوە لە بەرهەڵستی قوتەكان بەڵام نەیتوانی سەركەوتووبیت ئەمەش لەبەر سەختی شوینەكە، چونكە ناوچەی گردەكانی ئەشتوریش شوینكی سەخت و نائاوەدان بوو، بەم هۆیەوە وای لێیانكرد ئەم ناوچەیە پشت گوی بخەن و گرنگی نەدەن بە فەتحكردنی.
- ئەم ناوچەیە بەتایبەتی باكوری رۆژئاوا بوە ناوچەی خۆحەشاردانی پاش ماوەی سەربازە قوتیە هەلاتووەكان بە سەركردایەتی (بلای)(PELAYO) كە لە دەرئەنجامدا بە بەردەوامی ئەم ناوچەیە دەبێتە رێگر لەبەردەم فتوحات.
- لەسەردەمی والی عوقبە كوری حەجاج ئەلسلولی ١١٦- ١٢٣ك ویستی فتوحات دەست پێ بكات لە ناوچەی چیای ئەلبرت و بەرهەڵستی ئسپانییەكان لە ناوببات لە ناوچەی جلیقیە، عوقبە توانی گشت گوندەكانی ئەم ناوچەیە فەتح بكات بەڵام نەیتوانی كۆتای بە بەرهەڵستی بلای بهێنێت.
- لە سەردەمی والی عنبسە كوری سەحیم ئەلكەلبی ١٠٣- ١٠٧ك، ئەم والیە هەستی بە مەترسی ئەمانە كرد بۆیە هەڵمەتێكی سەربازی نارد بۆ ئەم ناوچەیە بەڵام بلای توانی شكست بە هەڵمەتەكە بهێنێ و ژمارەیەكی زۆریش لە سەربازەكان بكوژێت.

- **پێکهاتەی کۆمەڵگای ئەندەلوسی**

دوای جێگیر بوونی موسلمان لە ئەندەولس، پێکاهاتەی دانیشتوانی لە تێکەلەیەك پێکهاتبوو لە ڕەگەز و ئاین و شارستانیەتی جیا جیا، بە شێوەیەکی سەرەکی دەتوانین دابەشی بکەین بەسەر:

أ- موسلمانەکان: ( عەرەب– بەربەر– مەوالی– مولودون– سەقالبە)

١– عەرەب:کۆچیان کرد بۆ ئەندەولوس بە شەپۆلی یەك لە دوای یەك، لە زۆربەی هەرێمەکان نشتەجێبوون بەتایبەتی ناوچە دەولەمەند بە پیتەکان،

وەك هۆزی یەمەنی کە زۆرینەبوون لەگەل موسای کوری نەصیر و والیەکانی تر هاتنە ئەندەلوس ناسران بە (بلديين) چونکە لە ئەندەولس نشتەجێبوون و خۆیان بە خاوەن زەوی دەزانی.

لە سالی ١٢٤ لەگەل بلج بن بشر القشتلی کۆمەلەیەکی تری عەرەب دێن کە لە هۆزی قەیسی بوون، ناویان لینرا شامیەکان تا جیا بکرێنەوە لە بەلەدییەکان، کە دواتر ململانی ڕەگەزی و هۆزایەتی لە نێوان ئەم دوو هۆزە دروست دەبی هەر وەك چۆن لە ڕۆژهەلات دروست بوو.

## ٢- بەربەر

بەربەر ڕۆلێکی گرنگیان گێڕا لە فەتح کردنی ئەندەلوس، سوپاکەی تاریقی کوری زیاد هەمووی پێکهاتبوو لەبەربەر، کاتێك هەواڵی سەرکەوتنی موسلمانان لە ئەندەلوس گەیشتە بەربەرەکانی باکوری ئەفریقیا وای کرد ژمارەیەکی ئێجگار زۆری بەربەر رویان لە ئەندەولوس کرد، زیاتر لە ناوچە شاخاویەکان بەتایبەتی باکوری ڕۆژئاو و ناوەراستی ئەندەولوس جێگیر بوون، بە کشتوکاڵ ئاژەڵداری خەریك بوون. ئەمانە دەستیان بەشۆرش کرد تا کۆتایان بە فەرمانرەوای ئومەوی هێنا ٤٢٢ھ–١٠٣١ز.

٣- موالی:ئەمانە لە کۆمەڵە ڕەگەزێکی جیا جیا پێکهاتوون ئەوەی کۆیان دەکاتەوە مولی و گەورەکەی- مولی کەسێکی ئازادە بەڵام گوێرایەلی گەورەکەتی کە ڕەنگە پێشتر کۆیلە بێت و ئازاد کرابێ یان هەر کەسێکی ئازاد بووە بەلام بە گرێبەست یان هاوپیمانی گوێرایەلە، موالی زیاتر بەو کەسانە دەگوترا کە عەرەب نەبوون بە تایبەتی لەسەردەمی ئومەوی کە چەندین رەگەزی جیا جیا هاتنە ناو دەولەتی ئیسلامی وەك کورد و فارس و تورك ....**هتد**.

لە ئەندەلوس چەند جۆر موالی هەبوون وەك **موالی شامیەکان** کە لەگەل گەورەکانیان لە شام هاتبوون، **موالی بەلەدییەکان** کە بەربەر بوون لەگەل گەورەکانیان هاتبوون لە باکوری ئەفریقیا دوای موسلمان بونیان، **موالی اصطناع** یان نعمە خەلکی اسپانیا بوون موالی ئومەویەکان بوون.

٤- مولودون: قوتی و ئیسپانیەکان بوون کە هەر لەسەرەتای فتوحات موسلمان بوون، بوون بە بەشیك لە کۆمەڵگای ئیسلامی، پێیان دەگوتن الاسالمە یان المسالمە اهل الذمة. بەشێك لە توێژەران پیان وایە مولودون ئەم چینەن کە لە ئەنجامی هاوسەرگیری عەرەب و بەربەر بووەلەگەل ئافرەتانی ئیسپانی و قوتی، کاتی ئەمانە بەبێ ژن و منالْ چونە ئەندەولوس لەگەل ئافرەتانی قوتی و ئەندەلوسی زواجیان کردوە مندالەکانیان پێیان دەگوترێت مولودون.

٥- سەقالبە: ئەم ووشەیە بە گەلانی سلاڤی دەگوترێت، عەرەبەکان بە کۆیلە ئەوروپیەکانیان دەگوت زیاتر لە کۆشك و سوپا بەکاردەهاتن و لە ڕێگای بازرگانە جوولەکەکان دەهێنرانە ئەندەلوس لە ئەوروپاوە زۆربەشیان مندال بوون بۆیە پەروەردەکی موسلمانانە دەکران.

٢- نا موسلمانەکان:

١- عەجەم یاخود مستعرب:ئەمانە بریتین لە نەصرانییە ئیسپانیەکان لەگەل موسلمانەکان دەژیان و زمانی عەرەبیان دەزانی لەگەل مانەویان لەسەر ئاینی کۆنی خۆیان کە پێیان دەگوتن **عەجەمی زیمە**(عجم الذمة)، ئەمانە لە سەرەتادا زۆرینەی خەلکی ئیسپانیا بوون بەلام بەرە بەرە ژمارەیان کەمی دەکرد موسلمان دەبوون بۆیە بە بەراورد بە مسالمە و مولودین ژمارەیان زۆر کەم بوو.

ئەمانە ئازادانە پەیرەوی ئاینی خۆیان دەکرد و و دادوەری تایبەت بە خۆیان هەبوو بۆ یەکلایکردنەوەی کێشەکانیان و ئەگەر کێشەکە لە نێوان موسلمانێك و مەسیحیەك بایە، دادوەرێکی موسلمان دادوەری دەکرد پێی دەگوترا (قاضي الجماعة).

٢- جوولەکەکان: ژمارەیەکی زۆری جوولەکە لە ئەندەلوس بوونی هەبوو زۆربەیان لە قورتەبە و ئیشبیلیە و تلیتلە و بەرشەلونە و تەرگۆنە بوون. لەسەردەمی قوتیەکان بەهەموو شێوەیەك دەچەوسێندرانەوە، بەڵام لە ژێر سایەی دەولەتی ئیسلامی ئازادیەکی زۆریان پێبەخشرا، تێکەلی کۆمەڵگای ئیسلامی بوون و زمانی عەرەبی فێربوون، چالاك و کارگەر بوون لە گواستنەوەی شارستانیەت لە نێوان ئەندەلوسی ئیسلامی و ئیسپانیای نەصرانی، جگە لە زمانی عبری زمانی عەرەبی و لاتینیان دەزانی، لە نێویان بازرگان و پیشەزان و وەرگێر هەبوون و پۆستی کارگێریان وەرگرت لە نێوان وەزیر و بالوێز هەبوون، جگە لە زۆر بوار پسپۆر بوون وەك پزیشکی و فەلسفە و فەلەك و بیرکاری.

## سەردەمی والییەکان( عصر الولاة) ٩٥ك تا ١٣٨ك

**ئەمە سەردەمی دووەمە لە ئەندەلوس، فەرمانرەوا پێیدەگوترا والی، ئەم سەردەمە دەست پێدەکات بە دانانی ( عبدالعزیز کوری موسای کوری نصیر )وەك والی لەسەر ئەندەولس لە سالی ٩٥هـ/٧١٤ز).**

**والییەکان ژمارەیان گەیشتە ٢٠ والی دوانیان دوو جار پۆستی والیان وەرگرت لە ماوەی ٤٢ ساڵ، لەلایەن خەلیفەی ئومەوی بوو هەندێك جار وە هەندێك جار لەلایەن والی مەغریب دادەنرا بەهۆی پاشکۆی ئەندەولس بۆ مەغریب، و هەندێك جار لەلایەن خەڵکی ئەندەلوس خۆیان بوو بە هۆی دووری لە ناوەندی دەسەڵات لە ولاتی شام.**

تایبەتمەندی سەردەمی والیەکان

١- پایتەخت لە تولەیتلە گواستراوە بۆ ئشبیلیاو دواتر بۆ قورتبە.

٢- ئەندەلوس سەر بە ویلایەتی ئەفریقیا بوو تا هاتنی خەلیفە عومەری کوری عەبدولعەزیز ناوچەی ئەندەلوسی کردە یەکەیەکی ئیداری سەربەخۆ سەر بە خیلافەتە راستەوخۆ.

٣- ئەندەلوس لە رووی کارگێری پێک هاتبوو لە چەند ویلایەتێک هەر ویلایەتێک لە چەند شار پێک هاتبوو. ویلایەتەکان:

**( ویلایەتی ئەندەلوس-ویلایەتی تلیتلە-ویلایەتی ماردە-ویلایەتی سەرقستە-ویلایەتی ئەرونە )**

٤- گرینگیاندا بە لایەنی بینا سازی وەکو دروستکردنی رێگا و بان و دروستکردنی رێرەوە ئاوییەکان و جسرو مزگەوت هەروەها کشتوکاڵ و پیشەسازی و بازرگانی بوژایەوە.

٥- لە لایەنی کۆمەلاییەتی چینی مولیدون دەرچوون کە بریتی بوون لە هاوسەرگیری نێوان هاتوەکان و دانیشتوانی رەسەنی ناوچەکە.

٦- ململانێ لەسەر دەسەلات کە بووە هۆی کوژرانی والی عبدالعزیز بن موسی بن النصیر بەهۆی پیلانێك کە گەورە سەرکردە سەربازیەکان بۆیان دانابوو وەك ایوب کوری حبیب اللخمی و حبیب ابی عبدە و هیتد... لەگەل خەلیفە سلیمان بن عبدالملك دوای تاوانبار کردنی والی عبدالعزیز.

٧- کورتی ماوەی فەرمانرەوای والیەکان کە لەماوەی ٤٢ سال بیست والی دانران کە دوانیان بۆ جاری دووەم ئەم پۆستەیان وەرگرتووە، ئەمەش بەلگەیە لەسەر ناجێگیری دەسەلات لە ئەندەلوس.

**والیەکان**

-عبدالعزیز کوری موسا پایتەختی دەوڵەتی گواستەوە لە تولەیتلە بۆ ئیشبیلیا، لە سالی ٩٧ک کوژرا.
-ئەیوب کوری حەبیب لەخمی٩٧ك کوری خوشکی موسا کوری نەصیرە دوای عبدلعزیز هەڵدەبژێردرێت بۆ ویلایەت، پایتەختی لە ئیشبیلیا گواستەوە بۆ قورتوبە، قەڵای ئەیوبی دروست کرد لە سەرقستە، دوای شەش مانگ لادرا لە دەسەلات.

-حور کوری عبدالرحمن سەقەفی٩٧-١٠٠ك، هەڵمەتێکی بۆ سەبتەمانیا ناردوە، هەروەها بایەخی داوە بە لابردنی کێشەی عەرەب و بەربەر، رێکخستنی سوپا و دەوڵەت.

- سەمح کوری مالک خۆلانی١٠٠-١٠٢ك بایەخی داوە بە چاکردنی بارودۆخی جوتیارەکان و چاکسازی بیناسازی کردوە وەکو دروستکردنی قەنتەرەی قورتوبە ،یەکەم والی بوو دەستی بە هێرش کردن کرد بۆ سەر ولاتی غالە- باشوری فەرەنسا- هێرشی بردۆتە سەر سەبتەمانیا توانی شارەکانی ئەربۆنە و قەرقەشۆنە و ناوچەی تری سەبتەمانیا فەتح بکات.
- یەکەم ناوچەی موسوڵمانانی لە باشوری فەرەنسا(غال) دروست کرد، ئینجا بەرەو تولوشە دەچێت، لەشەری ئەم ناوچەیە دەکوژرێ.
- عەنبەسە کوری سوحەیم کەلبی١٠٣-١٠٧ والی ئەندەلوس هێرشی کردە سەر ناوچەی سانس باشوری فەرەنسا کە سی کیلومەتر دوور بوو لە پاریس، بەڵام نەیتوانی بەردەوام بێت لە هێرشەکە و لەبەر بەهێزی ناوچەکە پاشەکشە دەکەن و دواتر دەکوژرێ.
- عەبدولرەحمان ئەلغافقی ١١٢-١١٤ك لە ویلایەتی دووەمی دەستی کرد بە چارەسەرکردنی کێشەی عەرەبی موضرو یەمانی هەروەها لەناوبردنی هەڵگەرانەوەی بەربەر لە ویلایەتەکانی باکور
- **جەنگی بلاط الشهداء ١١٤ك/٧٣٢ز**

لە سەرەتایی ساڵی ١١٤ك/٧٣٢ز عبدالرحمن غافقی بە سەرکردایەتی سوپایەك رووی لە باکوور کرد، توانی چیاکانی برنس ببریت، هێرشی کردە سەر هەرێمی ئەقتانیە مەزنترین هەرێم بوو لە غالە بوو لەم کاتەدا توانی فەتحی بکات توانی پایتەختی هەریمەکە فەتح بکات کە طولوشە بوو، ئنجا توانی شاری بواتیە و تور رزگار بکات، بەمە ناوەراست و باشور #فەرەنسای فەتح کرد.

لە کاتی دەرچوونی سوپای موسلمانان بۆ پاریس رووبەرووی سوپایەکی گەورەی فرنج و ئەلمان و سکسون ..هتد بووەوە بەسەرکردایەتی شارل مارتن (قارڵە).بە دووری ٢٠ کم باکوری شاری بواتییە لە شوێنێك بەناوی بلاط رووبەرووی یەکتر بوونەوە ١١٤ك، سەرچاوە رەسەنەکانی موسلمانان کەمتر پرژاونەتە سەر چونیەتی جەنگەکە، رەنگە ئەمەش بەهۆی گەرورەی کارەساتەکە بێت لەسەر موسلمانان.

ئەم جەنگە نزیکەی ٨ ڕۆژی خایەنـدووە ئەمــەش بەلگەیــە لەســەر گــەورەی جەنگەکــە، لــە کۆتــای جەنگەکە هێرشێکی توند بوو بۆ سەر دوواوەی سوپای موسلمانان کە دەستیان بەسەر غەنیمەی موسلمانان داگرت ئەمەش بووە هۆی پەشێوی لە نێوی سوپای موسلمانان کە لەم کاتە غافقی هــەولی ڕێکخســتنەوەی ســوپاکەی دەدا شــەهید بــوو بەمــە بەتــەواوی ســوپاکە تێکچــوو و ژمارەیەکی زۆری موسلمانان شەهید بوون، ئەوەی مایەوە لە موسلمان لە کاتی شەو کشانەوەی بۆ سبتمانیا کە غەنیمەیەکی زۆریان دوای خۆیان جێهیشت سوپای فرنجەکان دوایان نەکەوتن لە ترسی ئەوەی فێلی جەنگ بێت.

**هۆکاری شکستنی موسلمانان لە جەنگەکە**

**زۆر هۆکار باسکراون کە بوونەتە هۆی شکست لە جەنگەکە:**

- **ناکۆکی لە نێو سوپای موسلمانان (عەرەب و بەربەر).کــە زۆربــەی ســوپاکە بەربــەر بــوون عبدالرحمن غافقی وەك سەرکردەیەکی عەرەب نەیتوانی ئەم ناکۆکیە نەهێلێت**
- **دوورکەتنەوەی سوپای موسلمانان لە ولاتەکەیان لــە ئەندەولوس.کــە لەهەمانکاتــدا هێڵــی کۆمەکی فەرنجیەکان نزیك و ئاسان بوو.**
- **کەش و هەوای ئەوروپا گونجاو نەبوو بۆ سەرباز و ئەسپی عــەرەبی-وەرزی پــایز بــوو- لــەم جەنگە سەختە لە هەمانکاتدا سوپای موسلمانان بــارێکی قورســی غەنیمــەی جەنگــەکانی پێشویان پێبوو ئەمە وای کرد دوژمن لە دواوەی سوپاکە بدات و بەمەش پەشێوی بخاتە نێو موسلمانان**
- **شەهید بوونی سەرکردەی سوپا عبدالرحمن غافقی لە کۆتا ڕۆژ جەنگەکە بووە هۆی دابەزینی ورەی سوپا و شاکانیان بەتەواوەتی.**

- عەقەبە کوری حەجاج سلولی(١١٦-١٢٢ك)ساڵانە هەڵمەتـی سـەربازی بـۆ نــاوچەی بــاکور دەنــارد تــا تــوانی شــارەکانی جلــیقە و بنبلــونە بگرێــت موسوڵمانانی تیایدا جێگیر بکات تەنها لە شاری جلیقە ئەو بەردە مابوو کە سێ سەد پیاو لە پشتی خۆیان حەشار دابوو.

- پاشان لە شەڕێک لە نزیک شاری قەرقەشۆنە سەر بە هەرێمی ئەکیتانیە لە ساڵی ١٢٢ک کوژرا.

بارودۆخی ئەندەلوس لە سەردەمی والیەکان

- دروست بونی ناکۆکی نێوان هۆزە عەرببیەکان (یەمانی و قەیسی)، هەروەها دروستبونی ناکۆکی نێوان عەرەب وبەربەر.
- ئەم ناکۆکیانە وایکرد برسێتی دروستبی لە ئەندەلوس، هەروەها خەڵک ئەندەلوس جێ بهێڵێت بگەڕێتەوە مەغریب.
- لە کاتی ئەم ناکۆکیە فەرەنجەکان توانیان موسوڵمانان لەوبەری چیای ئەلبەرت دەربکەن تەنها قەڵای (ئەربۆنە)ە نەبێت کەتا ساڵی ١٤٢ک بەرهەڵستی کرد بەڵام دواتر هێزی فرەنجەکان توانیان ئەم قەڵایەش بگرن و کۆتایی بە بونی موسوڵمانان بهێنن لە ئەو بەری چیای ئەلبرت.
- هەروەها قوتییەکان ئەوانەی خۆیان حەشاردا بوو لە ناوچەی چیای ئەشتۆریش سەر بە جیلیقا کە ناسراو بوو بە بەردی بلای کە دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای ئسپانیا، لایەنگیرانی بلای توانیان لە شەری کوفا دونجا لە ساڵی ١٣٣ک ناوچەکانی کە بەربەر جێیان هێشت بوو بیگەرێنەوە ژێر دەستی خۆیان.
- ئەم سەرکەوتنانەی قوتەکان سەرەتایەک بوو بۆ دروستبونی دەولەتی جیلیقا کە دواتر ناسرا بە دەولەتی ئەشتۆریس.
- ئەم دەولەتە رۆڵی دەبێت دواتر لە گەرانەوەی هەموو زەوی ئسپانیا لە ژێر دەستی موسولمانان.

سەردەمی میرنشینی ئومەوی ١٣٨ک تا ٣١٦ک

- ئەم سەردەمە لە چەند قۆناغێک پێک دێت:
- سەردەمی دروستکردنی میرنشین –ئیمارە-، گرینگی ئەم سەردەمە لەوەیە زۆر لە نەخۆشییەکانی سەردەمەکەی پێشەخۆی چاکرد. لە چەند ئەمیرێک پێک هاتوە:
- ١- عەبدولرەحمان بن معاویە بن هیشام بن عبدومەلیک ناسراو بە عەبدورەحمان، سەقری قورەیش، و داخیل،و لە سەرچاوەی ئەوروپی بە عبدالرحمانی یەکەم ناسراوە لە ساڵی ١٣٨ک/١٧٢ک.

٢- هشام عەبدولرەحمان معاویە ناسراو بە هیشامی رضا لە ساڵی ١٧٢ک/ ١٨٠ک.
عەبدولرەحمان معاویە سەرەتای سەردەمی میرنشینی

دوای رووخانی دەوڵەتی ئومەوی لە شام لەسەر دەستی بزوتنەوەی عەباسی لە رۆژهەڵات لە ١٣٢ک راوەدونانی میرەکانی بنەماڵەی ئومەوی، بەڵام میر عەبدولرەحمان کوری معاویە کوری هیشام کوری عەبدولمەلیک بن مروان توانی رزگاری ببێت و بگاتە میسرو پاشان بەرقە ئینجا تونس کە کاربەدەستێکی ئومەوی تیابوو عەبدولرەحمان حەبیب کە ویلایەتی مەغریبی دابری لە دەسەڵاتی عەباسی، ئەمەش وایکرد میرە هەڵاتوەکانی بنەماڵەی ئومەوەی رووبکەنە ئەم ولایەتە بەڵام عەبدولرەحمان حەبیب نەیویست توشی کێشە بێت بۆیە دەستی کرد بە کوشتنی میرە هەڵاتوەکانی بنەماڵەی ئومەوی، هەر بۆیە عەبدولرەحمان معاویە هەڵات و چووە قەیرەوان دواتر سەبتە ئینجا پەیوەندی بە ئەندەلوس کرد بۆ ئەوەی بچێتە ئەم ناوچەیە، ئەم گەشتە دوورو درێژەی نزیکەی ٦ ساڵی خایەند، گەیشتە ئەندەلوس کە پر بوو لە ململانی و ئاژاوە و راپەرین لەسەر والییەکان، عبدالرحمان داخل ماوەی دەسەلاتەکەی کە ٣٣ ساڵ بوو کە لە ماوەیە هەر خەریکی لەناوبردنی شۆرش بوو دژ بە دەسەلاتەکەی لە هەموو ناوچەکانی ئەندەلوس.

- لایەنگیرانی بنەماڵەی ئومەوی و بەتایبەتی مەروانییەکان بانگەوازیان بۆ دەکرد لە ناوچەی ئەندەلوس ئەوەبوو چەند ناوچەیەک دەنگیان پێداو توانی داخیلی ئەندەلوس بێت لە ١٣٨ک.
- کاتێک کە داخیل بوو یەمانیەکان و دواتریش مضرییەکان دەنگیان پێدا ئینجا توانی شاری مەلەگە داگیر بکات و سەربازەکانی شارەکە دەنگیان پێدا بەڵام والی ئەندەلوس (یوسف بن عەبدولەرحمان الفهری) کاتێک دەوڵەتی عەباسی لە رۆژهەڵات دروستت ببوو بەیعەتی بە عەباسییەکان دابوو، دوای ئەوەی عەبدولرەحمان داخیل هاتە ئەندەلوس دژایەتی کردو ئەوە بوو لە ناوچەیەک لە رۆژئاوای شاری قورتوبە لە دۆلی گەورە شەرێک لە نێوانیان روویدا ناسرا بە شەری مسارە 138ك کە تیایدا عەبدولرەحمان داخل سەرکەوت.

- ئینجا عەبدولرەحمان توانی دەست بەسەر ئەندەلوس دابگرێت و چەندەها شەری کرد بۆ لێدانی یاخی بوان و شۆرگێران سەردەمەکەی بەسەردەمی جێگیر بونی ئیمارەتی ئومەوی دەناسرێ، عەبدولرەحمان تەمەنی تەنها

بیست وشەش ساڵ بوو کاتێک دەسەلاتی وەرگرت توانی ماوەی سی وسێ ساڵ حوکم بکات.

•

عبدالرحمن داخل بۆ دامەزراندنی دەولەتەکەی پشتی بەست بە بلدییەکان-یەمانی- و بەبەر، بۆیە یەمانیەکان پێیان وابوو لەبەر ئەوەی پشتی عبدالرحمن داخلیان گرتووە لە دامەزراندی دەولەتەکەی مافی خۆیانە هەر شتێك بکەن و ئاژاوە بنێنەوە و وڵات وەك سەردەمی والیەکان پر بکەن لە ڕەگەزپەرستی هۆزایەتی، بەڵام عبدالرحمن چەسپاندی کە جیاوازی ناکات لە نێوان شامی و بەلەدی، و بەربەری و عەرەب کە دەبی هەمویان ملکەچی دەسەڵاتی ناوەند بن، ئەم سیاسەتە نوێیە بە دلی یەمەنییەکان نەبوو پێیان وابوو ئەمە بێ ئەمەکیە بەرامبەر بە چاکەکەیان بۆیە دەستیان بە شۆرش کرد لە هەموو ناوچەیەکی ولات.

بەڵام توانی زالّ بێت بەسەریان و شۆرشەکانی سەرکوت کرد لە جزیرە الخضراء و اشبیلیە و تلیتلە و باجە بە بشت بەستن بە جەنگاوەرانی بنی ئومەیە و بەربەر.

مەترسیدارترین شۆرش کە ڕووبەرووی بویەوە:

١- شۆرشی علاء کوری مغیث الیحصُبی لە باجە ١٤٦ك لە گەورە پیاوانی وڵات بوو نامەی پشگیری بۆ خەلیفەی عەباسی ابو جعفر منصور نارد ئەمیش نوسراوی بۆ دەرکرد کردی بە والی ئەندەولس، بۆیە دەستی کرد بە بانگەشە بۆ خیلافەتی عەباسی و ئاڵای رەشی عەباسی بەرز کردەوە بەمە سەربازێکی زۆری لە دەورە کۆ بوەوە و مەترسی گەورەی خستە سەر میرنشینیەکەی عبدالرحمن داخل، زۆر بە توندی ڕووبەرووی یەکتر بوونەوە و لە کۆتای عبدالرحمن سەرکەوت و شۆرشەکەی لە ناو برد علاء کوژرا.

- ٢- شۆرشی شقیا کوری عبدالواحد المکناسی بەربەری، بە مەترسیدارترین و درێژترین شۆرش دادەنرین ١٥١-١٦١ك خایەند کە ڕووبەرووی عبدالرحمن داخل بووە وە.

- **ئەم کەسایەتیە یەکەم کەس بووە لە ئەنەدلوس کە بانگەشەی دەولەتی شیعی کرد، دایکی ناوی فاتمە بووە بۆیە بانگەشەی ئەوەی کرد کە لە نەوەی حسین کوری علی یە رەزای خوایان لێبیت، ئەم شۆرشە زۆربەی ناوچەکانی ناوەراستی ئەندەلوسی گرتەوە هەر چەندە عبدالرحمن چەندین جار هێرشی کردە سەر نەیتوانی بەسەری دا زالْ بێت، تەنها بە فێل بە هۆی هاوڵەکانی توانی بیکوژێت بەمە شۆرشەکەی لە ناوبرد .**

هیشام عەبدولرەحمان ١٧٢ک تا ١٨٠ک

- هیشام دوای باوکی دەسەلاتی وەرگرت لەبەر ئەوە نەبوو کە گەورەترین کورەکانی عەبدولرەحمان داخیلە بەلکو لەبەر ئەوە بوو کە خاوەن کەسایەتیەکی زیرەک بوو شارەزا بوو لە سیاسەت، دادپەروەر بوو،بەوە ناسرابووکە زۆر بە توندی والییەکانی خۆی موحاسەبە دەکرد، هەر لەبەر ئەم سیفەتانەش باوکی هەلیبژارد تاوەکو ببێت بە ئەمیر دوای خۆی.
- گرنگترین رووداوەکانی سەردەمی هیشام یاخی بوونی براکەیتی سلێمان عەبدولرەحمان کە داوای دەسەڵاتی دەکرد.
- عەبدولرەحمان داخیل بەر لە مردنی دەسەڵاتی بەخشیە هەردوو کورەکەی هیشام و سلێمان، داوای لە کورەکەی تری کرد کە ناسراو بوو بە عەبدوڵا بلنسی کام لە هیشام و سلێمان زوتر گەیشتن کوشکی دەسەڵات لە قورتوبە ئیمارەتەکە بدرێت بە ئەو. کاتێک عەبدولەرحمان مرد هیشام لە ماردە بوو سڵێمانیش لە تولەیتلە بوو بەڵام هیشام زوتر گەیشتە کوشکی دەسەلات و بەمەش بوو ئەمیری ئەندەلوس بەڵام سڵێمان بەمە رازی نەبوو داوای دەسەڵاتی دەکرد ئەوە بوو دژی برای یاخی بونی راگەیاند.
- هەردوو برا لە ناوچەی جیان بەیەک گەیشتن و دەرەنجامی ئەم شەرە سەرکەوتنی هیشام بوو پاش ئەم شەرە براکەی تریشی عەبدوڵا یاخی بوونی دژی راگەیاند، بەڵام هیشام هەردوو برای ناچار کرد کە خۆیان وخێزانەکانیان لەگەل پارەیەکی زۆر بچنە ناوچەی مەغریب، بەمە توانی کێشەی براکانی کۆنترۆڵ بکات.
- سەردەمی حەکەم کوری هیشام (رەبضی) ١٨٠ک/ ٢٠٦ک، توندو تیژو خاوەن بریار بووە، سەردەمی ئەو دەناسرێت بە سەردەمی زۆری شۆرش و یاخی بوون.

- جۆرەكانی شۆرش و یاخی بونەكان یان كۆمەلایتی بوو یان هەرێمی.نەک هۆزایاتی و قەبەلی.
- **بەهێزترین میری ئومەوی بووە یەكەم میر بووە كە سەرباز و مورتەزەقەی دروست كردووە، چەك و تفاق و ئەسپی كۆكردۆتەوە و ژمارەی دار و دەستەكەی زیاد كردووە، و مەمالكی صەقالبەی بەكارهێنا ژمارەیان گەیشتە پێنج هەزار، راستەوخۆ كارەكانی بەرێوە دەبرد دەسەلاتی لە ئەندەولوس جێگیر كرد بۆ ماوەیەك، بۆیە بە ابو جعفر منصوريان چواندووە لە بەهێزی دەسەلاتی و لە لەناوبردنی دوژمنەكانی.**

**لەم بارەیەوە ابن عذاري دەلێت:**

**حەكەم هەزار سوارەی لەبەردەم دەرگای كۆشكەكەی هەبوو لە باشوری قورتبە، ئەم هێزەی دە عەریفی هەبوو لە ژێر دەستی دە عەریفەكەش ١٠٠ سوار هەبوو هەموو كات لە ئامادە باشی دابوون هەر شۆرشێك بكرایە بە زووی دەگەیشتنە سەری بەر لەوەی تەشەنە بكات سەركوتيان دەكرد.**

«كَانَ الْحَكَمُ صَارِمًا، حَازِمًا، وَهُوَ أَوَّلُ مَنِ اسْتَكْثَرَ مِنَ الْمَمَالِيكِ بِالْأَنْدَلُسِ، وَارْتَبَطَ الْخَيْلَ بِبَابِهِ، وَتَشَبَّهَ بِالْجَبَابِرَةِ». *«الكامل في التاريخ»

- یەكەم شۆرش، شۆرشی مامی سلێمان بوو، سلێمان لە ١٨٢ک شۆرشی راگەیاندو هێرشی كردە سەر قورتوبە، جەندجارێک هێرشی هێناو بەڵام شكستی دەهێنا ئەگەر چی هەندێ شاریشی داگیر كرد وەكو شارەكانی (جیان و ئلبيرا) لە ساڵی ١٨٤ک، دوای ئەم چەند شەرانە سلێمان دەدۆرێ و هەڵدێ ئینجا لە شاری ماردە دەستگیر دەكرێ و لە لایەن حەكەم بریاری كوشتنی دەدرێت.

- شۆرشی مەولیدین لە تولەیتلە١٨١ك، ئەم شارە شوێنی خەوارج و نەصاراو موەلیدین بوو شارێكی سەخت بوو هەوڵیان دەدا خۆیان حوكمی خۆیان بكەن هەر بۆیە یاخی بوون.

- شۆرشـەكەیان بەسـەركردایەتی عُبیـدە كـوری حُمیـد بـوو، حەكـەم (عمـروس كـوری یوسف)ی بۆ ناردن كە لە مەولـدەكان بـوو لـە شـاری وشـقە، كاتێـك نـەیتوانی بـە هێـز بەسەری دا زال بێت پەنای بـردە بـەر بـەلێن و فێـل بەمـە تـوانی عُبیـدە كـوری حُمیـد بكوژێت و بۆماوەیەك شۆرش دامركێنێتەوە.
- دوای چەند سالێك خـەلكی تولێتلـە دەسـتیان بـە شـۆرش وراپـەرین، كـردەوە حەكـەم عمروسی كوری یوسفی كـردە والی،ئـازا و چـاونەترس بـوو ملكەچـی خـۆی بـۆ حەكـەم راگەیاندبوو بۆیە حەكەم لە خۆی نزیك كردەوە.
- هۆكاری دانانی عمروس بە والـی لەبـەر ئـەوە بـوو كـە مەولـد بـوو تـا خـەلكی مەولـدی تولیتلەی لێی نزیك ببنەوە متمانەی پێبكەن، لەم كارەشی سـەركەوتوو بـوو تـوانی بـە فێل روكەشانە رقی خۆی بۆ ئومەویان نیشان بدات تا بتوانی زال بێت بەسەریان.
- هەر بۆیە كۆشكێكی لە دەرەوەی شار دروست كرد دەرگای چوونە ژوور و هاتنـە دەری جودا بوو، ئێوارە خـوانێكی گـەورەی بـۆ پیـاوە گـەورەكانی شـاری ئامـادە كـرد هـەر كەسێك دەرچوبایە لە دواوەی كۆشك دەكوژرا. ژمارەی كوژراوەكان لە سەرچاوەكان بە كـەمترین رێـژە ٧٠٠ كـەس بـووە تـا پێـنج هـەزار پیـاو. بەمـە شـاری تولیتلـە توانـای راپەرینیان نەما و ئارام بوو تا سەردەمی كورەكەی حەكەمیش عبدالرحمن.
- شــەری رەبـض لــە ١٨٩ك، ئەمە نــاوچەیەكە دەكەوێــتە باشــوری شــاری قورتـوبە، هۆكـاری دروسـتبونـی ئەم شـەرە دەگەرێـتەوە بـۆ تونـدی حەكەم و رازی نەبــونـی خەڵكــی ئەم نــاوچەیە لەســەر بریارەكــانی حەكەم بەتایبــەتی پیاوانی ئاینی لەگەل بوو چونكە پیان وابوو كە حەكەم كـار بـە قورئـان و فـەرمودەكان ناكات و لە دین دەرچووە میرێكی توند و تیژ و خۆێن رێژە
- بەلام حەكەم توانی یاخی بونەكە لەناو ببات و سەدو چل كەسی كوشت.و لە خاچی دان لە قورتبە.
- جـاری دووەمـیش ٢٠٢ك دیسـان شـەری رەبض دووبـارە دەبێـتەوە ئەمش دوای دروسـتبونـی كێشـەیەک لە نێـوان مەمالیكەكـانی كە حەكەم هێنابویـانی لەگەڵ

کەسـێک کە شمشـێری دروسـت دەکـرد لە ئەنجـامی ئەم کێشـەیە شمشـێر فرۆشـەکە دەکوژرێـت ئەمەش وا دەکـات خەڵکـی نـاوچەکە راپەرن دژی دەسـەڵاتی حەکەم. بـەلام حەکـەم تـوانی بەسـەریان دا زال بێـت و خـەلکێکی زۆری کوشت و لە خاچی دان .

- سەرچاوەکان دەلـێن کـە حەکـەم لـەم کـارەی زۆر پەشـیمان بووتـەوە کـە بـەم جـۆرە خوینرێژی کردووە هیوای دەخواست کە ئەم کارەی نەکردبایە.
- میر عبدالرحمن کوری حەکەم کوری هیشام ٢٠٦-٢٣٨:
- دوای خۆی کورەکەی عبدولرەحمان کـوری حەکەم کوری هیشـام دەسـەڵات وەردەگرێت ٢٠٦ک تا ٢٣٨ک، ناسراو بووە بە عەبدولرەحمانی دووەم یـان ناوەند، پیاوێکی زانـا و کەسێکی میـانرەو لە دەسـەلات هەوڵیدەدا کەسـانی بە توانا لە دەسەڵات دابمەزرێنێ.
- زۆر سیفەتی لە باوك و باپیری وەرگرتبوو، ناوەند بوو لە نێوان نەرمی و توندی،ستەم و زولمی نەدەکرد بەڵام بەتوانا و بە هێز بوو لە بڕیاردانی گۆنجاو، کەسـێکی روشـنبیرو و زانا بوو بۆیە زۆر زانای لە وڵاتەکەی کۆکردەوەو لە رۆژهەڵاتی ئیسلامی زاناکانی هێنا.
- بۆیە سەردەمەکەی سەردەمی هێمنی و ئارامی بـووە، سـەردەمی خۆشـگوزەرانی و زۆر بوونی سەروەت و سامان بووە بۆیە زۆر کۆشك و بـاخی دروسـت کـرد و زۆر مزگـەوتی دروست کرد شاری مرسیە لـە رۆژهـەڵاتی ئەنـدەلوس دروسـت کـرد، لـە قورتبـە دراوی بـەناوی خـۆی لێدا،لایـەنی کـارگێری رێکخسـت و میرنشـینەکەی بـە جـوانترین شـێوە رازانـدەوە ئەنـدەولوس لەسـەردەمی عبـدالرحمنی دووەم یـەکێك بـوو لـە وڵاتـە هـەرە مەزنەکان لە جیهانی ئیسلامی و مەسیحی.
- سەردەمی ئەو چەند ئاژاوەک روویدا:
- ١- ئاژاوەی نێوان مەزەری و یەمەنـی لە شـاری تدمیر مـاوەی حەوت سـاڵی خایانــد٢٠٧-٢١٣ك، لە ئەنجــامی کوشــتنی کەســێکی مەزەری لە لایەن کەسـێکی یەمەنــی لە ئەنجـامی ئەم رووداوە شــەر دروسـت بـوو لە نێـوان مەزەرییەکـان و یەمانییەکـان کە یەمانییەکـان سـەرکردایەتی ئەبـو شـەماخ توانیان شارەکە کۆنترۆڵ بکەن لە دەسـەلات یـاخی ببن، بەڵام سـاڵی ٢١٣ک ئەبوشەماخ ملکەچی خۆی بۆ عەبدولرەحمان راگەیانـدو ئەوەیش شـاری الـە

تێیکداو کە ئاژاوەی تیدا سەرهەلدا لە شەوێنی شاری مرسیە دروست کرد٢١٦ك.

**شۆرشی شاری ماردە ٢١٣ك**

- **ئەم شۆرشە بەسەرکردایەتی محمود کوری عبدالجبار بوو کە بەبەر بوو لەگەل یەکێك لە مولدەکان بە ناوی سلیمان کوری مارتین ناسراو بوو بە ابن قعنب، نەصاری معاهد چوونە پالی، چەندین هەڵمەتی سەربازی نێردرا بۆ شاری ماردە تا توانیان شۆرشەکە لەناو ببن و سەرکردەی شۆرش لە شارەکە وەدەربنین٢١٩ك.**
- ٢- ئاژاوەی مستەعرەبینی نەصارا لە قورتوبە، ئەم ئاژاوەیە ناسراو بوو لە لایەن مێژوو نوسانی نەصارا بە بزوتنەوەی شەهیدەکان، هۆکاری ئەم رووداوە ئەوە بوو نەصارەکانی شاری قورتوبە وتەی نەشیاویان بە پێغەمبەرو ئیسلام دەدا ئەمەش بووە هۆکاری دەستگیرکردنیان، دواتر لە بەردەم دادگا سوردەبوون لەسەر قسەکانیان تا بکوژرێن ومەبەستیش لەمە بۆ ئەوەی پلەی شەهیدی بەدەست بهێنن، بۆ چاکردنی ئەم بارودۆخە میر عەبدولرەحمان کۆدەنگێکی لەپیاوانی ئاینی سەر بەکەنیسا پێکهێنا لەمانەش مەترانی ئیشبیلیا (ریکافریدو) و نوێنەری میر نوسەرەکەی بوو کە ناسراو بوو بە (قومس ئەنتینان) لە ٢٣٨ک، دەستیان کرد بە گفتوگۆ بۆ ئەو رووداوە،لە ئەنجامی ئەم کۆبونەوەیە کەنیسە چەند بریارێکی دەرکرد، لەمانەش جوێندان بە ئیسلام و پێغەمبەری قەدەغە کردو هەروەها مردن بە بێ هۆی، بەمەش ئەم کێشەیە کۆتایی هات.
-

- ٢- ئاژاوەی مستەعرەبینی نەصارا لە قورتوبە، ئەم ئاژاوەیە ناسراو بوو لە لایەن مێژوو نوسانی نەصارا بە بزوتنەوەی شەهیدەکان، هۆکاری ئەم رووداوە ئەوە بوو نەصارەکانی شاری قورتوبە وتەی نەشیاویان بە پێغەمبەرو ئیسلام دەدا ئەمەش بووە هۆکاری دەستگیرکردنیان، دواتر لە بەردەم دادگا سوردەبوون لەسەر قسەکانیان تا بکوژرێن ومەبەستیش لەمە بۆ ئەوەی پلەی شەهیدی بەدەست بهێنن، بۆ چاکردنی ئەم بارودۆخە میر عەبدولرەحمان کۆدەنگێکی لەپیاوانی ئاینی سەر بەکەنیسا پێکهێنا لەمانەش مەترانی ئیشبیلیا (ریکافریدو) و نوێنەری میر نوسەرەکەی بوو کە ناسراو بوو بە (قومس ئەنتینان) لە ٢٣٨ک، دەستیان کرد بە گفتوگۆ بۆ ئەو

رووداوە،لە ئەنجامی ئەم كۆبونەوەیە كەنیسە چەند بریارێكی دەركرد، لەمانەش جوێندان بە ئیسلام و پێغەمبەری قەدەغە كردو هەروەها مردن بە بێ هۆی، بەمەش ئەم كێشەیە كۆتایی هات.

قۆناغی دووەم كە٦٢ساڵی خایەند، قۆناغی ماوەی ململانێی میرەكانی ئیمارەو كێشەی سیاسی دروستبونی كۆسپ و تەگەرەی زۆر لەبەردەم ئیمارەكە هەروەها هەندێک پێیان وایە ئەمە سەردەمی لە ناوچونی دەسەڵاتی ئومەوییە لەم ماوەیە و دروست بونی دەولەتی تەوائیفی یەكەمە.

- ١- محمد عەبدولرەحمان ٢٣٨/ ٢٧٣ك.
- ٢- مونذر محمد عەبدولرەحمان ٢٧٣/ ٢٧٥ك.
- ٣- عبدالله محمد عەبدولرەحمان ٢٧٥/ ٣٠٠ك.

**ئەم سەردەمە ناسراوە بەسەردەمی ئاژاوەی گەورە لەسەردەمی میر محمد كوری عبدالرحمن و هەردووك كورەكەی منذر و عبدالله، لە ئەنجام دا میرنشینەكە چەندین شۆرشی بەخۆیەوە بینی لە ناوەخۆ كە مەولیدون و مستعربەكان و بەبەر و عەرەب پێی هەستان، كە بووە هۆی دروست بوونی چەند میرنشینێكی سەربەخۆ كە تەنها بەناو ملكەچی دەولەت بوون لەوانە:**

**١– مولدیەكان چەند دەولەتێكی سەربەخۆیان دامەزراند:**

- **بنو قیسی لە سەرقستە**
- **بنو مروان جلیقی لە ویلایەتی بطلیوس و ماردە لە رۆژئاوای ولات**
- **بنو حفصون سەركردەكەیان عمر كوری حفصون كە بزووتنەوەكەی مەترسیدارتین بوو لە چیاكانی باشور لە مالەگە.**

**٢– بەربەرەكان كە جیابوونەوە لە قورتبە**

- **– بنو ذي نون لە تلیتلە**
- **بنو ملاخ لە شاری جیان**

**٣– عەرەبەكان كە لە قورتبە جیابوونەوە:**

- **– بنو حجاج لە اشبیلبەو قرمونە ولاتەكەیان هیچی كەمتر نەبوو لە دەولەتی ئومەوی**

- **– سعید کوری سلیمان جودی سعدی لە غرناتە و بیرە کە نەیاری عمر حفصون و مولودیەکان بوون**

عمر کوری حفصون بە بەناوبانگرتین شۆرشگێری دەرچوو لە دەسەلاتی ئومەوی دادەنرێت لە قورتبە، ئەم کەسایەتیە لە بنەمالەیەکی هەژار بوون، موسلمان بون لەسەردەمی میر هیشام، لەسەرەتای ژیانی لە هەرێمی رندە ژیا دواتر هەلات بۆ مەغریب دوای کوشتنی کەسێك،بەلام گەرایەوە ئەندەولوس دەستی بەسەر قەلایەکی رۆمانی قایم داگرت ناوی **بوبەشتەر** لە ناوچەیەکی چیای لە باشووری هەرێمی ریە کۆمەلێك خەلکی مولدی لە دەورە کۆبوەوە ئەمەش سالی **٢٦٧**ك بوو، ئینجا دەستی کرد بە هێرش کردن بۆ سەر ناوچەکانی دەوروبەری دەسەلاتی فراوان بوو تا گەیشتە ناوچەکانی نزیك قورتبە .

- بزووتنەوەی عمری کوری حفصون ماوەی ٤٠ سالی خایەند لە ماوەی دەسەلاتی هەر سێ میر لەم ماوەیەدا، هیچ کامیشیان نەیانتوانی بووتنەوەکە لە ناو بن، لە کۆتایی ژیانیشی بوو بە نەصرانی لەبەر ئەوەی پێی وابوو بەم کارەی بزووتەوەکەی سەردەکەوێت، هۆکاری ئەم گۆرانی ئاینیەشی زیاتر سیاسی بوو لەوەی بیروباوەر بێت،مەبەست لێی بەدەستهێنانی پشگیری مستعرەبەکان بوو لەگەل پاشاکانی دەولەتی نەصرانی ئیسپانی بۆ رووخاندنی دەولەتی ئیسلامی لە ئەنەدەلوس.
- ئەم بزووتنەوەیە کۆتای نەهات تا سەردەمی میری ئەندەولوسی مەزن عبدالرحمن ناصر.

١- هێرشی شالمان پاشای فەرەنج بۆ سەر دەولەتی ئیسلامی لە ئەندەلوس:

فەرەنجە وەك هێزیکی مەزن و نزیك لە ئەندەلوس لە سەرەتاوە ترسیان هەبوو لە دەولەتی ئیسلامی بە تایبەتی دوای هاتنی عبدالرحمن داخل دووبارە بەهێز بوونەوەی ئەندەلوس بۆیە هەولیان دەدا موسلمانان لە باشوری فەرەنسا- غالە- دوربخەنەوە بۆیە هەولی ئەوەیان دا لەوبەری چیای ئەلبرت ویلایەتی سەر بەفەرنج دورست بکەن لە باکوری رۆژهەلاتی ئەندەلوس تا ببێتە بەربەستێك لە نێوان خۆیان و موسلمانان.

بۆ ئەمەش هەستان لە بەستنی هاوپەیمانی لەگەڵ میری جلیقە- ئەلفۆنسوی دووەم- بۆ ئەوەی هاوکاریان بەدەست بەهێنێت.

- لەساڵی ١٨٥ك لەسەردەمی میر حەکەمی کوری هیشام١٨٠-٢٠٦ك شارلمان سوپایەکی گەروەی بەسەرکردایەتی کورەکەی لویس نارد بو ئەندەلوس گەمارۆی شاری بەرشلونەی دا.
- لەو کاتەدا میر حەکەم خەریکی لەناوبردنی لە دەسەڵات دەرچوان بوو لە نێویشیان مامەکانی سلیمان و عبداللە.
- دوای حەوت مانگ لە گەمارۆدانی شاری بەرشەلۆنە کەوتە دەست فەرنجیەکان، شارلمان دواتر کردی بە ویلایەتیك سەر بە دەولەتی فرنجە، لەگەڵ تێپەر بوونی کات لە دواتر بوو بە میرنشینێکی نەصرانی سەربەخۆ سەر بە ئیسپانیا بە ناوی میرنشینی **قطلونیة**
- لە سەدەی ٣ ك لەگەڵ میرنشینی ئەراگۆن یەکتری گرت و هێرشیان دەهێنا بۆ سەر ئەندەلوسی ئیسلامی لە بەرەی رۆژهەڵاتی.
- دوای سەرکەوتنی بلای لە جەنگی کۆفادونگا ١٣٣ك بەسەر موسڵمانان و وەدەرنانانی موسلمان بەتەواوەتی لە ناوچەکانی جلیقە، دواتر دروستبوونی میرنشینی جلیقە-اشتوریس- ئەمە سەرەتای بزووتنەوەی گیرانەوەی خاکی ئیسپانیا بوو لە دەست موسلمانان.
- لەسەردەمی پاشا ئەلفونسوی دووەم- ١٣٥-١٤٢ك کە دوای بلای بە دوو سال دەسەلاتی وەرگرت ، زۆر ناوچەی تری لەژێر دەسەلاتی موسلمانان دەرهێنا کە ناوچەی زۆر گرنگ بوون لەوانە: لیون ، سمورە ، شەلەنقیە ...هتد کە بەر لە هاتنی عبدالرحمن داخل سێەکی خاکی ئیسپانیا لە ژێر دەستی موسلمانان دەرهاتبوو. — بەمە ئەندەلوس تەنها ئیسلامی نەمایەوە بەلکو ئەندەلوسی ئیسلامی و نەصرانی بوو-
- میرنشینی جلیقە یاخود ئەشتوریس دواتر لەسەردەمی پاشا ئەلفونۆسی سێەم ٢٥٢-٢٩٧ك ناسرا بە میرنشینی لیون ، بە یەکەم میرنشینی دادەنرێت دوای فەتحی ئەندەلوس.
- بەهۆی سەرقالی موسلمانان بە ناکۆی ناوەخۆی بووە هۆی سەرهەڵدانی میرنشینی تری نەصرانی بە ناوی نبارە- نافار- لە باکوری رۆژهەڵاتی ئەندەولوس لە کۆتای سەدەی دووەمی کۆچی لە ناوچەی بشکونس کە گەلێکی سەربەخۆ و خاوەن زمانی سەربەخۆن تا ئیستا،

هەرچەندە میرنشینی جلیقە هەوڵی دا بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی بەلام لەمە سەرکەوتو نەبوو
.

- لە نێوان میرنشینی جلیقە و نبارە ، میرنشینێکی تر دروست بوو بە ناوی قشتالە لە ناوەراستی سەدەی چوارەمی کۆچی

١- پێکدادانی سەربازی لە نێوان هێزی باشوری موسلمان لەگەل باکوری نەصرانی جیاواز بوو بە جیاوازی بارودۆخی ناوەخۆی هەرودوك لا، کاتێك باشور سەرقال دەبوو بە ناکۆکی ناوەخۆی هێزی باکور هێرشی دەهێنا و بە پێچەوانەوە. هەرچەندە زیاتر موسلمانان سەردەکەوتن.

٢- بە هۆی مەترسی هێزی نەصرانیەکان لە باکور میرەکانی ئومەوی پابەند بوون بە هێرشی رێکخراو لە هاوینان و زستانان بۆ سەر میرنشینەکانی نەصرانی لە باکوور.

٣- بارودۆخی ناوەخۆی هەردوك هێزی ناکۆکی ناچار دەکرد کە ئاگربەست بکەن، بۆ نمونە لەسەردەمی میر عبدالرحمن ٢٠٦-٢٣٨ك لە کاتی هێرشی نۆماندیەکان بۆ سەر ئەندەلوس ئاگربەستی کرد لەگەل میرنشینی نبارە، بەهامان شێوەی میر عبدالله ٢٧٥-٣٠٠ك ئاگربەستی کرد لەگەل ئەلفونسوی سێیەم میری جلیقە، بۆ ئەوەی بتوانی بزووتنەوەی عمری کوری حفصون سەرکوت بکات. و هەمیشە نصرانیەکان ئەم ئاگربەستانەیان دەشکاند.

نورماندیەکان موسلمانەکان ناویان نابوون مەجوسی ئوردومانیون،چونکە بت پەرست بوون بەر لە بوونیان بە نەصرانی و بەهۆی ئەوەی ئاگریان زۆر دەکردەوە و لاشەی گەورەکانیان بە کەشتیەوە دەسوتاند بۆیە موسلمانەکان پیان وابوو ئەمانە ئاگرپەرستن.

نورماندیەکان دانیشتوانی ئەسکەندەنافیان، دەستیان بە هێرش کردووە بۆ سەر سنوورەکانی رۆژئاوای ئەندەولوس لە ساڵی ٢٢٩ك بۆ سەر شاری لشبۆنە، لە ساڵی ٢٣٠ك دەستیان بەسەر داگرت بۆیە میر عبدالرحمنی دووەم سوپایەکی ئامادە کرد بەسەرکردایەتی ژمارەیەك لە گەورە پیاوانی دەولەت توانی بەسەریان دا سەر بکەوێت.

- **دەتوانین ئەم سەردەمە دابەش بکەین بۆ سەر سێ ماوەی سەرەکی:**
- **١- مـاوەی فـەرمانرەوای عبـدالرحمن الناصـر و کورەکـەی حکـم المستنصـر(٣٠٠-٣٦٦ك/٩٢٩-٩٧٦م)**
- **مـاوەی فـەرمانرەوای بـنی عامر(دەولـەتی عـامری لـەژێر سـێبەری خیلافـەت)(٣٦٧-٣٩٩ك/٩٧٨-١٠٠٩م).**
- **٣- ماوەی تێکچوونی خیلافەتی ئومەوی لە ئەندەلوس(٣٩٩-٤٢٢ك/١٠٠٩-١٠٣١م)**
- عبدالرحمن سێیەم(ناسـراو بە ناصـر لـدین الله)دەسـلاتی ئەندەلوسـی وەرگـرت دوای مردنـی بـاپیرەی عبدالله کـوری محمد(٣٠٠ك)لە مـاوەیەکی پـر ئـاژاوە و مەترسی، ئەندەلوس کەوتبووە ژێر مەترسی چاوتێبرینی عەرەب و بەربەر و ئیسـپانیەکان، تـا وای لێهـاتبوو زۆربەی هەرێمەکـان جیـاببوونەوە لە قـورتبە، جـگە لە هەرەشـەی دەرەکـی لەلایەن میرنشـینە نەصـرانیەکانی بـاکوور، ئەندەلوس نزیك ببووەوە لە کۆتای هاتنی دەسەلاتی ئیسلامی.

رەنـگە ئەم بـارودوخە خـراپەی ئەنـدەلوس هۆکـار بـوون کە مامەکـانی عبدالرحمن ناصر نەکەونە ململانی لەگەلی بۆ وەرگرتنی پۆستی خیلافەتی ئەندەلوس.

چـونکە ئەم پۆسـتە ئەرك و بەرپرسـیاریەتێکی قـورس بـوو بـۆ ئەو کەسـەی دەبێتە خەلیفە.بۆیە هەمووان دورکەوتنەوە و ڕێکەوتنن بیعەت بە عبدالرحمن بدەن لەگەل بچوکی تەمەنی دوای ئەوەی بینیان خاوەن توانایە بۆ وەرگرتنی ئەم پۆستە.

-ابن عذاري لە وصفی الأندلس لەم قۆناغەدا دەلێت: «جمرة تحتدم، ونارًا تضطرم شقاقًا ونفاقًا»

- هەر لەگەل وەرگرتنـی دەسـەڵات عبـدالرحمن ناصـر بەیانـامەیەکی گشـتی دەرکـرد بـۆ هەمـوو وڵات کە ملکەچـی دەسـەڵاتی ناوەنـد بـن و بـیعەت بـدەن، لەگەل بەخشـینی چەنـدها پەیمـان بە مـال و دەسـەلات بەوانەی ملـکەچ دەبـن لەهەمان کاتدا هەرەشەی لەوانە کرد کە ملکەچ نابن.
- بەهۆی خراپـی بـارودوخی ئەنـدەلوس بـۆ چەنـدین سـاڵ و بیزاری خەلـك لەم بـارودۆخە خـرابە زۆربەی دانشـتوانی ئەنـدەلوس بیعەتیـان بە عبـدالرحمن دا ملکەچـی بـوون و خۆشەویسـتی ئەم میـرە چـووە دلیـان بەهـۆی ئەم لێخۆشبوونەی میر لە دەسەڵاتدەرچوان.
- سـەرەتا هەسـتا بە رێکخسـتنی بـارودۆخی نـاوەخۆ: بـدر بـن أحمـد کـرد بە حاجبی، أحمد بن محمد بن أبي عبدة کرد بە وەزیری.

- ١- شۆرشی عمری کوری حەفسون و کورەکەکانی کە لە دوای هاتن لە ساڵی ٣١٦ك.
- ٢-بنو حجاج و بنو خلدون لە ئیشبیلیە لە سالی ٣٠١ك.
- ٣- عبدالرحمن کوری مروان جەلیقی (لە مولدەکان)لە رۆژئاوای ئەندەلوس بەتایبەتی لە ناوچەکانی ماردە و بەتلیوس لە سالی ٣١٨ك.
- ٤- بنو توجیب لە سەرقستە لە سالی ٣١٨.
- ٥- بنو قیسی خاوەنی توتیلە لە سنورەکانی باکور لە ٣١٨ك.
- سةرکوتکردني شۆرشي«الفتح بن موسى بن ذي النون»بةربةري و هاوثةيمانةكةي( محمد بن إدريس الرباحي) ناسراو بة (أرذبلش) لة ناوضةي (جيان) لةسالي ٣٠٠ك ئةمةش يةكةم شؤرش و رِاثةرين بوو كة عبدالرحمن سةرکووتي كرد (أرذبلش) لةطةلأ ذمارةيةكي زؤر لةسةربازةكاني كوذرا و سةرةكةي لة قورتوبة هةلَواسرا ئةمةش يةكةم سةر بوو لةسةردةمي عبدالرحمن الناصر هةلَبواسريَت.
- دوای یەك مانگ لە وەرگرتنی دەسەڵات هەڵمەتێکی گەورەی سەربازی ئامادە کرد بۆ سەر ئەم ناوچانەی ملکەچ نەبوون توانی نزیکەی ٣٠٠ قەلا و ناوچە بخاتە ژێر دەسەلاتی لە ناوچەکانی باشوری وڵات لە شاری جیان و ریە، ناسراوە بە شەری مونتیلون. ئینجا گەرایەوە قورتوبە دوای سێ مانگ جەنگ کردن.
- **دوای گەیشتنەوەی میر بە شاری قورتبە هەوالی مردنی** <u>إبراهيم بن حجاج</u> زعيم <u>إشبيلية</u> **پێدەگات و دابەش بوونی دەسەڵات لە نێوان هەردووك كورەكانی بەناوی** ( عبد الرحمن ومحمد الحكم).
- عبد الرحمن **بووە حاكمی شاری ئیشبیلیە.**
- محمد الحكم **بووە حاكمی شاری قرموونە.**

**هەر زوو عبدالرحمن کوری ابراهیم بن حجاج دەمرێت بۆیە براکەی چاوەبرێتە شاری ئیشبیلە بەلام خەڵکی ئیشبیلیە بە دەسەڵاتی محمد رازی نابن بەڵکو کەسێکی تر دەکەن بە حاکمی خۆیان هەر لە بنەماڵەی حجاج بەناوی**( أحمد بن مسلمة بن حجاج).

**بۆیە محمد ملکەچی خۆی بە میر عبدالرحمن داخل رادەگەیەنێت ئەویش سوپایەکی بۆ دەنێریت هێرش دەکاتە سەر شاری ئیشبیلیە.**

**هەر بۆیە**(أحمد بن مسلمة بن حجاج) **هانا بۆ ابن حفصون دەبات ئەویش خۆی بەهانای خەڵکی ئیشبیلیە دێت بەڵام زۆر بە خرا پی شکست دەهێنن.**

- **بەمە عبدالرحمن الناصر دەتوانێت شاری ئیشبیلیە بخاتە ژێر دەسەڵاتی .بەڵام** محمد بن إبراهيم حكم **ناکات بە والی لەسەر شارەکە بەلکو کەسیکی تری لەلایەن خۆیەوە بە ناوی** سعيد بن المنذر القرشي **لەسەر شارەکە دادەنێت**

- **یەکێك لە مەترسیدارترین شۆرشە کان بوو یارمەتی سەربازی لەلایەن دەوڵەتی فا تمی لە باکوری ئەفریقیا و میرنشینە نەصرانیەکانی باکوری بۆ دەهات.**
- **عبدالرحمن ناصر بۆ کونترۆل کردنی شۆرشەکە هێزی رەوانەی ناوچەی گەرووی جبل تاریق کرد بەمەش هێلی کۆمەکی دەوڵەتی فا تمی بڕی لەسەر عمری کوری حفصون. دواتریش کۆنترولی هەموو کەناراوەکانی سەر زەریای ئەتلەسی و دەریای سپی بری لەسەری کە لەم کەنارانە لە ڕێگای دەریا کۆمەك و یارمەتی لەلایەن میرنشینە نەصرانیەکانی بۆ دەهات.**
- **بەهۆی هەڵمەتە یەك بە دوای یەکەکانی عبدالرحمن بۆ سەر ناوچە جیاکانی ئەندەلوس توانی کۆنترۆلی شۆرشی عمری کوری حفصون بکات. و بەهۆی چوونە ناو تەمەنیشەوە ناچار بوو داوی ئاگر بەست بکات لەبەرامبەر پێدانی ١٦٢ قەلا بە میر عبدالرحمن الناصر. بەمەش ئاگر بەست کرا.**
- **لەساڵی ٣٠٦ ك عمری کوری حفصون دەمرێت و لەدوای خۆی چوار کور و کچیکی هەبوو.**
- **لەسەر دەسەلات ناکۆکی و ململانێ لە نێو کورەکانی بەرپابوو دا لە کۆتای ٣١٦ك عبدالرحمن توانی بەتەواوەتی ئەم شۆرشە لەناو ببات**
- عەبدولرەحمان سێیەم، نازناوی خەلیفەی لە خۆینا لەبەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

- ١- تـوانی یـەکێتی وولات بگەڕێنێتـەوە دوای ئـەوەی خـەباتێکی زۆری کـرد دژی یاخیبوانی.
- ٢- نازنـاوی مـیر هـیچ بەهایـەکی نـەمابوو بەتایبـەتی دوای ئـەوەی ئـەم نازنـاوە دەرچوان لە دەسەلات بەکاریان هێنابوو.
- ٣- نازناوی خیلافە وا لە شاری قورتوبەی پایتەخت دەکات زیاتر مەرکەزیـەتی پێوە دیار بێت و ناوچەکانی تر دەولەتی بگەڕێنێتەوە.
- ٤- خـەلکی ئەنـدەلوس ئـەم نازناوەیـان بەخشـیە عەبـدولرەحمان دوای ئـەوەی چالاکییەکی تەواوی هەبوو لە یـەکێتی وولات و هـەروەها لاوازی خیلافـەی عەباسـی لە رۆژهەلات.
- ٥- بەدیارکـەوتنی خیلافـەی فـاتیمی لـە مـەغریب بۆیـە عەبـدولرەحمان وولاتـی ئەندەلوسی بە شیاوتر دەزانی بۆ هـەلگرتنی ئـەم نازنـاوە لـە دەولـەتی فـاتیمی هـەر بۆیە لە سالی ٣١٦ك نازناوی خەلیفەی لە خۆینا.
- ٦- عەبـدولرەحمان هەولّیـدا سـەرۆکایەتی ئـەو دەولّەتانـە رابکێشـێت بـۆ لای خـۆی بەتایبەتی دەولّەتی ئەداریسە لە مەغریب کە ئەم دەولّەتە
- دوای دروست بونی دەولّـەتی فـاتمی لـە مـەغریب دەسـەلاّتیان کـەمی کـرد، هـەروەها پشـتگیری لـە هـۆزی زەناتـەی دەکـرد دژی هـۆزی صـنهاجە بجـەنگێن چـونکە هـۆزی صـنهاجە لایـەنگیری فاتیمییـەکان بـوون جگـە لەمانـە یارمـەتی خەواریجـەکانی قەیرەوانیشـی دەکـرد دژی دەولّـتی فـاتیمی، ئـەم هەولاّنـەی عەبـدولرەحمان وایکـرد فاتیمییەکان واز لە گرتنی ئەندەلوس بهێنن.
- لە ناوەخۆش گرینگی زۆریدا بـە چاکردنی بـارودۆخی وولات وەکو دروسـت کردنـی شاری زەهرا، چاکردنی بارودۆخی کشتوکالّ و پیشەسازی، ئـەدەب، زانسـت، هـەروەها گرینگـی زۆریـدا بـە هەلّبـژاردنی فەرمانبـەرەکانی، جگـە لەمـە گرینگـی زۆریـدا بـە دادوەری و دیوانی مەزالیمیش دانا بەمشێوەیە ئەندەولوس لەسەردەمی ئـەو خـاوەن بەرێوەبردنێکی رێکوپێك بوو.

- نازناوی حەکەمی دووەم و حەکەم ئەلمستەنصربالله، تەمەنەی ٤٨ساڵ بووە کاتێك دەسەڵات وەردەگرێت، هەمان سیاسەتی باوکی پەیرەوکرد بۆ بەرگری کردن لە ناوچە جیاوازەکانی ئەندەلوس و مەغریب، هەروەها چاودێری کردنی فەرمانبەرەکانی و جێ بەجێ کردنی دادوەری لە وولات، گرنگی زۆریدا بە زانست و کۆکردنەوەی کتێبی زانستی بەمەش وا دەناسرێت کە کەسێکی خۆشەویست بووە بۆ زانست.
- حەکەم کاتێك دەسەلاتی وەرگرت.نامۆ نەبوو بەبەرێوەبردنی کاروباری وڵات. بەڵکو بە کردارەکی لە ژیانی باوکی پێی ئاشنا بووە. زۆرجاریش باوکی ئەرکی قورس و مەترسیداری پێسپاردووە، بۆیە لە کاتی وەرگرتنی ئەرکی خەلیفایەتی تەواو پێگەیشتبوو و پر ئەزموون بوو.
- **یەکەم کاری لە رۆژی دووەمی دەسەلاتی. فرمانی کرد بە گەورە کردنی مزگەوتی گەورەی قورتبە. ئەم ئەرکەشی بە حاجبەکەی بە ناوی جعفر المصحفی سپارد. دواتر میحرابی سێیەمی بۆ زیاد کرد لە ساڵی ٣٥٤ك کە چوار ساڵی خایەند.**
- **ئیمپراتۆری بێزەنتی رۆمانوسی دووەم کەرستەیەکی زۆری بیناسازی و جوانکاری بۆ نارد لەگەڵ کەسێکی بیزەنتی زۆر شارەزا لە کاری بیناسازی و جوانکاری بیناسازی بۆ نارد .**
- **هەروەها ئاوی لە چیای قورتبەی گەیاندە مزگەوتەکە بە شێوەیەکی ئەندازیاری.**
- **و لە پاڵ مزگەوت شوێنیکی بۆ ( صدقە ) بەخشین دروست کرد. لەگەل شوێنیك بۆ بانگەوازخوازان و خزمەتکارانی مزگەوت.**

- لە سەردەمەکەی شاری زەهراء تەواو کرا کە لەسەردەمی باوکی دەست بە دروستکردنی کرابوو،حەکەم خۆی لەسەردەمی باوکی سەرپەرشتی دروستکردنی دەکرد.
- لە ساڵی ٣٦٥ك تەواوی کرد

- سەردەمەکەی پیشکەوتنی خویندن و فێرکردنی گشتی بەخۆیەوەبینی، وایکرد خەڵکی ئاسایی بتوانن بخوێننەوە و بنووسن، لە کاتێکدا کە چینی باڵای خەلکی ئەوروپا تواناى نوسین و خوێندنەوەی نەبوو.
- هەروەها مزگەوتی گەروەی قورتوبە بووە زانکۆیەک بە چەمکی سەردەمی ئێستا، کە تێیدا زانستە جۆراوجۆرەکان لە بازنەکانیدا دەخوێندران.
- حەکەم بەخششێکی بێشوماری بە زانایانی سەردەمەکەی بەخشی جا موسلمان بن یان ئەوانی تر.
- حەکم خولیای زانست و زانین بوو، بە باشی شارەزا بوو لە زانینی نەسەبەکان، ئەندەلوسی پڕکرد لە هەموو کتێبەکانی زانست، بەجۆرێک کە خەزێنەی کتێبەکانی ٤٤ فەهرست تێدابوو، کە هەریەکەیان ٥٠ لاپەڕەی تێدابوو کە تەنها ناوی کتێبەکانی تێدابوو لە گەنجینەی کتیبخانەکەی.
- و بە دەگمەن کتێبێک لە کتیبخانەکەیدا دەبینرا کە تێبینی بە دەستنووسی ئەوەوە لەسەر نەنوسرێت، ئەم سەرنجانە لەلایەن ئەو زانایانەی کە لە سەردەمەی دەژیان و دوای ئەو هاتبوون، بەرز دەنرخێندرا و سوودیان لێوەرگیرا، بۆیە دانیان بە زانیاری و شارەزای حەکەم دانا.
- حەکەم پارەیەکی زۆری خەرج کرد بۆ بەدەستهێنانی ئەو کتێبانەی کە نێردراوەکانی خۆی بۆ وڵاتان دەنارد بۆ ئەوەی بیهێنن.
- وە کاتێک کۆشکەکە تەسک بووەوە بۆ ئەوەی جێگەی ئەو ژمارە زۆرەی کتێبانە بگرێتەوە کە بەردەوام دەهێنران، حەکەم کتێبخانەی قورتوبەی لە نزیک کۆشکەکە دروستکرد. کە تێدا ٤٠٠ هەزار بەرگی لەخۆگرتبوو

**سیاسەتی ناوەخۆ**

- هێمنی و ئارامی یەکێك بوو لە سیما هەرە دیارەکانی سەردەمی حەکەم المستنصر،بە شێوەیەك کە سەردەمەکەی بە هێمنی و ئارامی بەسەربرد.
- ئەندەلوس هەر بە یەکگرتوی مایەوە وەك سەردەمی باوکی، رەنگە هۆکاریش هەول و تێکۆشانی باوکی بێت لە یەکخستنی وڵات.
- ئەوەی مستنصر پێی ناسراوە بووە زۆر پێداگر بووە لەسەر جێبەجێکردنی شرعی خودا لە نێو خەلکەکەی.و گرنگی پیدانی بە چۆنیەتی جێبیجێکردنی و و چاودێری کردنی عاملەکانی.
- و گرنگی بە لایەنی دادوەری و داد پەروەری داوە کە هەموو خاوەن مافێك مافەکەی خۆی وەربگرێت.

**سیاسەتی دەرەوەی**

- پەیوەندی حەکەم المستنصر بەرامبەر بە میرنشینە نەصرانیەکانی باکور وەك سەردەمی باوکی بووە، کە بەرامبەر فراوانخوازیەکانیان وەستاوە. هەژموونی دەسەلاتی خۆی سەپاندووە بەسەر ئەم هەرێمانە.

مەترسی نورماندیەکان لەسەردەمی حەکەم المستنصر

- یەکێك لەو مەترسیانەی کە رووبەرووی ئەندەلوس بووەوە لەسەردەمی حەکەم المستنصر مەترسی نورماندیەکان بوو.
- کە سێ جار هێرشیان کردە سەر ئەندەلوس:
- سالێ ٣٥٥ك، ٣٦٠ك، ٣٦١ك. هەموو ئەم هێرشانەش بۆ سەر ڕۆژئاوای ئەندەلوس بوون لە نێو ئاوەکانی زەریای ئەتلەسی.
- تەنها میژوو نووس (ابن الخطیب) باس لە هەڵمەتێکی تری نورماندیەکان دەکات بۆ سەر قەلای (القبطە) کە یەکێك لە قەلاکانی مریە لە رۆژهەڵاتی ئەندەلوس کە خەلیفە حەکەم خۆی سەردانی ئەم قەلایەی کرد بۆ چاودێری کردنی کە تێدا موسلمان سەرکەوتوو بوون لە پاریزگاری کردن لە ئەندەلوس لە هەموو هێرشەکانی نورماندیەکان لەسەردەمی خەلیفە حەکەم.

سەبارەت بە سیاسەتی بەرامبەر بە باکووری ئەفریقیا:

- هەرچەندە مەترسی فاتمیەکان نەمابوو لەسەر ئەندەلوس لە سەردەمی حەکەم المستنصر.دوای ئەوەی فاتمیەکان روویان لە میسر کرد و شاری قاهیرەیان دروست کرد لەساڵی ٣٥٨ك و خەلیفەی فاتمی لە سالی ٣٦٢ك دەسەلاتی فاتمی گواستەوە بەمە مەترسیان لەسەر ئەندەولس نەما.
- بەڵام خەلیفەی فاتمی معز جێگرێکی لە مەغریب جێهێشتبوو و دەولەتی ئەدارسە ملکەچی خۆیان بۆ فاتمیەکان راگەیاندبوو و کەوتبوونە ململانی و هەرەشە بۆ سەر ئەو میرە مەغریبیانەی کە لاینگری دەسەلاتی ئەندەولوسن.
- بۆیە خەلیفە حکم المستنصر هەڵمەتێکی سەربازی کردە لەسەر مەغریب توانی لە ساڵانی ٣٦٢-٣٦٣ك بەسەر ئەدارسەکان زاڵ بێت و لەناویان ببات.بەمە توانی مەغریب بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی.
- بەم شێوەیە ئەندەلوس تا مردنی حکم المستنصر ٣٦٦ك بە بەهێزی مایەوە.

**هیشام موئید كوری حەكەمی دووەم**

- **دوای باوكی حەكەمی دووەم دەسەڵات وەردەگرێ بەڵام لەبەر ئەوەی لە تەمەن بچوك تەنها دوازدە ساڵ بوو باوكی ئەنجومەمێكی راوێژكاری بۆ دانا كە پێكهاتبوو لە گەورە پیاوانی دەوڵەت كە سەرۆك وەزیران و سەركردەكانی سوپا بوون، كاری ئەم ئەنجومەنە ئەوە بوو كە یارمەتی خەلیفە بدات لە بەرێوەبردنی وولات تا دەتوانێ خۆی بەتەنها وولات بەرێوە ببات، بەڵام ئەم ئەنجومەنە بە تێپەر بونی كات بوە باڵا دەست هیشام تەنها وەكو خەلیفەیەكی بێ دەسەڵات مابویەوە، ئەم ئەنجومەنە وایكرد بنەماڵەی عامری بە دیاركەون لە ساڵی ٣٦٦ك تا ٣٩٩ك ببنە باڵا دەست كور دوای باوكی حوكمی ئەندەلوس بكەن بە فعلی و خەلیفەش تەنها وەكو ناو بێت لە دەسەڵات.**
- خەلیفە پێداگر بوو لەسەر پێدانی جێنشین بە كورە بچوكەكەی لەگەل هەبوونی سێ برای بەهێز. بەمەش گۆری بۆ دەوڵەتەكەی هەڵكەند.
- قورتبە دابەشبوونی توندی تێكەوەت لەبارەی كە كێ شیاوترە بۆ وەرگرتنی ئەم پۆستە.
- - گەورە پیاوانی دەوڵەت و دەستوپێوەندەكەیان لەگەل جێبەجێكردنی وەصیەتی خەلیفە بوون،بەهۆی ئەوەی ئەمە وا دەكات خۆیان دەسەڵاتداری راستەقینەبن.
- - خزمەتكارە صەقالبەكانی ناو كۆشك بەسەركردایەتی (فائق و جؤذر) پێیان وابوو (المغیرە)ی برای خەلیفە المستنصر شیاوە بۆ وەرگرتنی پۆستەكە چونكە هیشام مندالە و لاوازە شیاو نیە بۆ سەركردایەتی سوپا و خیلافەت.
- كۆمەلی سییەم بێ لایەن بوون. چینی گشتی خەلك و هەژارەكان لایان گرنگ نەبوو كێ پۆستەكە وەردەگرێت ئەوەی گرنگ بێت بۆیان كێ بەرژەوەندیەكانیان لەبەر چاودەگرێت و بارودۆخی ژیانیان باشتر دەكات
- كۆمەڵەی گەورە پیاوانی دەوڵەت سەركەوتنی بە وەرگرتنی بیعەتی خیلافەت بۆ هیشام.دوو كەسایەتی ڕۆلی گەورەیان بینی لەم كارەدا ئەوانیش حاجب جعفر ابن المصحفی و محمد بن ابی عامر.هەستان بە كوشتنی مغیرەی برای الحكم پالێوراو بۆ پۆستی خیلافەت.

بەمشێوەیە بیعەت بە هیشام درا و هەموو نیارەکانیان لەناوبرد. کۆت و بەندی دەسەلاتیش لە دەستی دوو پیاو بوو. ئەوانیش حاجب جعفر بن عثمان المصحفی و محمد بن أبی عامر.

لەگەڵ کەسی سێیەمیش لە پشت پەردەکانەوە بەشداری دەسەڵاتی دەکرد. ئەو کەسەش دایکی خەلیفە بوو بە ناوی( صبح) بشکنسی(ناڤاری) کە وەصی بوو لەسەر کورە بچوکەکەی هیشام.

حوکمی بنەماڵەی عامر )(٣٦٧-٣٩٩ك/٩٧٨-١٠٠٩م)

- محمد ئەبی عامر کە ئەو کات پلەی پەردەداری (سەرۆك وەزیران) هەبوو بە تێپەربوونی کات بوە دەسەڵاتداری راستەقینەی ئەندەولوس دوای خۆشی هەر یەك لە کورەکانی (موزەفەر، مەئمون) دەسەڵاتیان وەرگرت.
- ئەبی عامر توانی دەسەڵات وەرگرێت لە ئەندەلوس دوای ئەوەی ئەندامانی ئە نجومەنی وەصیەت یەك لە دوای یەك لە ناوبرد ئینجا پیاوە گەورەکانی تری دەوڵەت تاوای لێهات تەنها بەخۆ بە تەنها لە دەسەڵات مایەوە ئینجا دەوڵەت بەتەواوی لە ژێر دەستی دابوو وەخەلیفە تەنها ناوی لە خوتبە ولەسەر پارەو لەسەر دروشمەکان دەنوسرا.
- محمد بن ئەبی عامر، کە پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ دایکی خەلیفەی نوێدا هەبووە. ئەم پەیوەندییە وای لێکرد لە ماوەی دوو ساڵدا وردە وردە دژی حاجب جعفر بن عثمان المصحفی بوەستێتەوە.
- ئەمەش بە فەرمانێک لە لایەن ئیبن ئەبی عامرەوە بەناوی خەلیفە دەرچوو کە فەرمانی زیندانیکردنی حاجب جعفر بن عثمان المصحفی و خێزانەکەی دەرکرد. و دەستی بەسەر پارەکانیدا گرت و لە کۆتاییدا دوای چەند ساڵێك لە زیندان کوژرا.
- پاشان دایکی خەلیفە دوورخستەوە، و ڕێگری کرد خەلیفە هیشام تێکەڵ بە خەڵک بێت یان لە کۆشکەکەی دەربچێت مەگەر بە مۆڵەتی ئەو.

- **وە ئەگەر بچوبایە دەرەوە جلێکی لەبەر دەکرد کە کەسایەتی خەلیفەی دەشاردەوە و لە دەوری سەربازێکی زۆری دادەنا ڕێگری دەکرد کەس ببینێت یان نزیکبێتەوە لێی.**
- **وە دەگوترا هۆکاری شاردنەوەی لە خەڵک ئەوە بوو کە عەقڵی کەم بوو، باوەڕی بەو شتانە هەبوو کە مومکین نەبوو، کەسێک بە کوڵی کەرەوە هاتە لای و وتی: ئەمە کوڵی کەرەکەی ئەلعەزیرە "، بۆیە پارەیەکی زۆری پێدا، یەکێکی تریش بەردێکی بۆ هێنا و وتی: ئەمە لە بەردی میعراجەوەیە، سێیەمیان بە داوی قژەوە هاتە لای و وتی: ئەمە قژی پێغەمبەر" بۆیە ابن عامر قەدەغەی کرد خەڵک ببینێت.**

- باردۆخی هیشام وەک خەلیفەیەکی بێ ئیرادە بە درێژایی تەمەنی محمد بن ئەبی عامر بەردەوام بوو، دوای ئەویش عەبد الملیکی کوڕی کە جێنشینی باوکی بوو لە پەردەداری و هەموو پۆستەکانیدا.
- وە دوای ئەوانیش کوڕی دووەمی، عەبد الرحمان شەنجول، کە داوای دەسەڵاتی لەوە زیاتری کرد، لە 399 کۆچی، شەنجول فشاری خستە سەر هیشام بۆ ئەوەی بە جێنشینی خۆی بناسێنێت، بە تایبەت کە هیشام کوڕی نەبوو، ئەمەشی بۆ کرا لە ڕێگەی مەرسومێکی خەلیفە وە.
- **ئەمەش بووە هۆی تورە بوونی زۆر کەس بەتایبەت میرەکانی بنەماڵەی ئومەوی،کە ئەمەیان وەك کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی شەرعی بنەماڵەکەیان لە ئەندەلوس بینی.**
- **بۆیە پیلانێکیان داڕشت بە سەرکردایەتی میرێکی ئومەوی بەناوی(محمد بن هشام بن عبد الجبار بن عبد الرحمن الناصر)کە رقێکی زۆری لە بنی عامر هەبوو بەهۆی کوشتنی باوکی لەلایەن ابن عامرەوە دوای ئەوەی تۆمەتباری کردبوو بە ڕێکخستنی کودەتایەک لە دژی.**
- **لە ساڵی 399ی کۆچیدا محمد بن هیشام سوودی وەرگرت لە دەرچوونی (عبدالرحمن شنجول) لە هەڵمەتێکی سەربازیدا لە دژی شانشینی مەسیحییەکانی باکوور. هێرشیان کردە سەر کۆشکی قورتبە کە تیایدا**

**خەلیفە هیشام المؤید باللە تێدا نیشتەجێ بوو، و ناچاری کرد خۆی لە پۆستەکەی لابدات**

- **و ئومەویەکان (محمد ابن هیشام)یان هەڵبژارد بۆ جێنشینی،بەمە بووە چوارەم خەلیفەی ئومەوی لە ئەندەلوس، کە خۆی بە المهدي باللە ناوبرد.**
- **ئاژاوە و خیلافەتی دووەمی هشام**هشام المؤید باللە هەوڵیدا کۆتایی بەم دۆخە پڕ ئاژاوەیە بێنێت و جارێکی تر ڕیزەکان یەکبخاتەوە، بە ناردنی سەری المهدی باللە بۆ بەربەرەکان و سەرکردەکەیان سلیمان المستعین الله بانگیان بکات بۆ گوێڕایەڵی، بەڵام ئەوان ڕەتیان کردەوە پێداگر بوون کە سلمان المستعین الله لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشێت.
- لە کۆتایی دا بەربەرەکان هێرشیان کردە سەر شاری قورتبە و دەستیان بەسەر داگرت و سلیمان المستعین الله لەسەر کورسی دەسەڵات دانیشت لە ساڵی 403ك.

**المؤید باللە**

**محمد المهدی باللە بە ئەنقەست سەرەتا هیشام المؤید باللە لە کۆشکدا زیندانی کرد، پاشان گواسترایەوە بۆ هەندێک لە ماڵەکانی قورتبە، دواتر المهدی باللە سوودی لە مردنی مەسیحییەک یان جولەکەیەک وەرگرت لەساڵی ٣٩٩ی کۆچی ، کە زۆر لە هیشام المؤید باللە دەچوو، بۆیە مردنی خەلیفەی پێشووی ڕاگەیاند و ژمارەیەک وەزیر و فەقیهی هێنا کە شایەتحاڵی مردنی هیشام بوون. دوابەدوای ئەوە قۆناغێکی ئاژاوەگێڕی و ململانێی نێوان شازادەکانی ئومەوی هاتە ئاراوە تا لە کۆتای دا بووە هۆی کوژرانی محمد المهدی باللە لە سالی 400ك و هاتنەوەی هشام المؤید باللە بە یارمەتی لاینگرانی بەنی عامر.**

**لە ناوچونی خیلافە لە ئەندەلوس و دروست بونی ئاژاوە ٣٩٩ك تا ٤٢٢ك**

- **ئەم سەردەمە بەوە دەناسرێتەوە کە پڕ لە ئاژاوەی سیاسی، کە دەست پێ دەکات لە کۆتاییەکانی سەردەمی عامری وە کۆتایی دێت بە رووخانی خیلافەی ئومەوی لە ئەندەلوس، لەم ماوەیە ئاژاوەیەکی زۆر سەری هەڵدا لە ئەنجام ژمارەیەکی زۆر لە ئەندەلوسییەکان کوژران، یەکێتی وولات لەناوچوو، هێزو توانایان نەما هیچ بەهایەکیان نەما لە ناو کۆمەڵگای دەوڵەتەکان، ئەمەش لەبەر ئەوەی میرەکانی**

**ئومـەوی لـە نێـوان خۆیانـدا نـاکۆك بـوون لەسـەر دەسـەڵات هـەروەها نـاکۆك بـوون لەگەڵ سەرۆکەکانی بەربەریش و هەر میرێك دەسەڵاتی بۆ خـۆی دەویست ئەمـەش وای کرد پەیوەندی بەنەیارانیان بکەن بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەن**

- **میرێکی تری ئومەوی ئەوەبو میرەکان پەیوەندیان بە حاکمی ناوچـە مەسـیحییەکان دەکرد بۆ یارمەتیدانیان لە ئەنجام وازیان لە ناوچەو قەلاکان دەهێنا بۆیان ئەمـەش وایکرد سنوری وولات بەرەبەرە کەم ببێتەوە.**
- **ئەم بارودۆخە کاریگەری هەبوو لەسەر لایەنی بازرگانی و کشتوکاڵ و پیشەسازی و زانست کە گشتیان لە تێکچوون دابون.**
- **هەروەها دادوەری و دادگاش لە نەخۆشی دابوون زوڵم و زۆرداریش بڵاو بویەوە.**
- **لە ئەنجامی ئـەم ناکۆکیانـە وولات لێـك تـرازاو سـەردەمێکی نـوێ دروسـتت بـوو کـە ناسرا بە سەردەمی پاشای** تەوائف.

**سەردەمی پاشاکانی (طوائف) ٤٢٢ك تا ٤٨٤ك**

- ئەو قۆنـاغە مێژووییە لە ئەندەلوس؛ لە ساڵی ٤٢٢ی کۆچی دەستی پێکرد، کاتێـک وەزیـری ئەبـو الحـزم بـن جەهـور ڕوخـانی دەولەتـی ئـومەوی لە ئەندەلوس ڕاگەیاند، ئەمەش هانی میرەکانی ئەندەلوسی دا بۆ دروستکردنی دەوڵەتی جیا و دامەزراندنی بنەماڵەی دەسەڵاتداری جیا.
- **بـە هـۆی رووخـانی دەولـەتی ئومـەوی، ئەنـدەلوس دابـەش بـوو بەسـەر چـەند دەولـەتێکی بچـوك بچـوکی لـە ئـەنجامی ئـەم ناکۆکیانـە هـەر میرێـك سـەربەخۆیی ناوچەکەی خۆی راگەیاند، کە هەموویان لەگەل یەك ناکۆك بوون بـون لـە ململانـێ دابـوون، بەمـەش سـەردەمێکی نـوێ لـە ئەنـدەلوس دروسـت دەبێـت کـە دەناسـرێت بەسەردەمی پاشاکانی طوائف، لەم سەردەمە هەندێك میر هێشتا دوعایان بۆ هەندێ خەلیفەی ئومەوی ئەنـدەولس دەکـرد یـاخود هەنـدێکیان دوعایـان بـۆ خەلیفـەکانی عەباسی دەکرد لەبەغدا.**
- **پاشاکانی طوائف وڵاتیان بەسەر ٢٢ دەوڵەتدا دابەش کرد؛ لە نێویان:**

- غرناطـة وإشـبيلية، وألمريـة وبلنسـية، وطليطلـة وسرقسـطة، والبـرازين والبداجوز، ودانية والبليار ومورور....
- ناسـەقامگیری لە دەسـەڵات یەکێك بـوو لە تایبەتمەنـدیەکانی ئەم سـەردەمە، هەروەهـــا ڕکـــابەری بەردەوام لە نێوانیانـــدا هەبـــوو، کە دوو هۆکـــاری سەرەکین کە وای لێکردن ببێتە نێچیر بۆ میرنشینە مەسیحییەکانی بـاکوور، و گەیشـتە ئەو ئاسـتەی کە پاشـاکانی طوائـف باجیـان بە پاشـا ئەلفۆنسـۆی شەشەم دەدا. و داوای یارمەتییان لێدەکرد لەدژی یەکتر.

ئەم دەوڵەتانەش بەسەر سێ کۆمەڵی گەورە دابەش ببوون:

- ١- کۆمــەڵی یەکــەم: خــەڵکی ئەنــدەولوس بــوون ئەگــەر چــی ڕەســەنیان عــەرەبی مەغریب و بەربەر و صەقالیبە و ئسپانی تیایانـدابوو بـەڵام بـە تێپـەر بـوونی کات ببونە خەڵکی ڕەسەنی ئەندەلوس دەناسران بە ئەهل ئەلجەماعە.
- لەسەرکردەکانیان بنەماڵەی عەیاد ئەللەخمیون لە ئیشبیلیا، بەنەماڵەی جەهوەر لـە قورتوبە.
- بنەماڵەی هودی جەزامیون لە سەرقستە، عەبدولعەزیز کوری عامر لە بەلنسیە..... هتد.
- ٢- کۆمەڵی دووەم: پێك هاتبوون لە مەغریبییەکان وبەربەرەکانی کـە تـازە هاتبونـە ئەندەلوس، بەتایبەتـی هۆزی صەنهاجە کە لەسەردەمی مەنصور کوری ئـەبی عـامر تێدا نیشتەجێ بوون،
- لە گەورەکانی ئەم کۆمەڵەیە بنەماڵەی زیری صەنهاجی کە لە غرناتـەی نیشـتەجێ بوون، بەشێك بوون لە دەوڵەتی زیری کە لە ئەفریقیا لەسەردەمی دەوڵەتی فـاتیمی دروست ببوون،
- هـەروەها بنەماڵـەی حـەمودی ئەداریسـەی حەسـەنی عەلـەوی کـە لـە کـاتی خـۆی ناوچەی غەمارەی لە باکوری مەغریبیان حوکم دەکرد.
- لەکاتی ئاژاوەی ئەندەلوس میرێکـی بنەماڵـەی حـەمود کە نـاوی (عـەلی حمود) کە والی سـەبتەو تەنجە بـوو تـوانی هێـرش بکاتـە سـەر مەلەگەو داگیری بکـات پاشـان

**روویکردە قورتوبەو داگیری کردو خەلیفە ئومەوی (سلێمان کوری حەکەم کوری سلێمان کوری عبدولرەحمان) ناسراو بە موستەعین لە ساڵی ٤٠٧ك بکوژێت و بەمەش کۆتایی بە خیلافەی ئومەوی هات لە ئەندەلوس، توانی دەوڵەتی حەمودی دروست بکات کە بنکەکەی مەلەگە بوو.**

- کۆمەڵەی سێیەم: بریتین لە گەورەکانی صەقلییەکان کە لە رۆژهەڵاتی ئەندەلوس نیشتەجێ بوون، صەقلیەکان بەشداریان لە گشت ئاژاوەکانی ناو شاری قورتوبە دەکردو گەورەکەیان (خیران ئەلعامری) بوو کە توانی دوای روخانی خلافەی ئومەوی لە ئەندەلوس چەندەها دەوڵەتۆکەی ئیسلامیان دروست کرد لە رۆژهەڵاتی ئەندەلوس، ئەوەی ئەم دەوڵەتۆکانەی کۆدەکردەوە ئەوە بوو دەناسران بە دەوڵەتی صەقڵەبی عامری.
- **هەر کۆمەڵێك لە سێ چینەی سەرەوە هەوڵیدەدا شەرعییەت بدات بە حوکمی خۆی بۆیە:**
- **کۆمەڵی یەکەم هەوڵیاندا کەسێك بهێنن بیکەن بە خەلیفە هیشام موئەیەد کە گومان هەبوو لە مردنی تا وەکو شەرعیەت بدەن بە حوکمیان کە ئەوان لە پاڵ ئەم خەلیفەیە حوکم دەکەن.**
- **کۆمەڵی دووەم لەبەر ئەوەی خۆیان بە نەوەی ئیمام عەلی دەزانی بۆیە خۆیان پێ باشترین بوو بۆ بەرێوەبردنی ئەم ناوچەیە،**
- **کۆمەڵەی سێیەمیش کەسێکیان هێنا کە قورەیشی بوو لە نەوەی ئومەوی بوو کردیان بە خەلیفە تا شەرعیەت بدەن بە دەسەلاتیان.**

**پەیوەندی مەسیحییەکان بە دەوڵەتەکانی طوائف ئەندەلوس**

- **لەو کاتەی ناوچەی ئەندەلوس ئاژاوەو لێك ترازانی هەبوو ناوچە مەسیحییەکان دەستیان کرد بە بەستنی یەکگرتن لە نێوان خۆیاندا بە یارمەتی فەرەنساو پاپا، هەروەها بونی سەرکردەکی لێهاتوو لە ناو دەوڵەتووکە مەسیحییەکان کە ئەلفۆنسوی شەشەم پاشای قشتالە بوو، کە توانی مەملەکەتی قشتالەو لیون یەك بکات هەروەها باکوری ناوچەکانی ئیسپانیای یەك کردوو دواتر توانی شاری**

تولەیتلە بگرێت لە ساڵی ٤٧٨ك بەمەش توانی ئەندەلوس لێك بترازێنی چونکە تولەیتلە بە شارێکی گرینگ دادەنرا لە لایەنی سەربازی، مەسیحییەکان ئەم ناوچەیان ناولێنا قشتالەی نوێ.

- ئەلفۆنسۆی شەشەم بەردەوام بوو لە سیاسەتی گرتنی یەك لە دوای یەکی ناوچەکانی دۆرگەی ئیبیریا تا وای لێهات هەندێ ناوچەی موسوڵمانان پارەیان وەکو جزیە دەدا بە ئەلفۆنسۆی شەشەم تاوەکو وازیان لێ بێنێت هەروەها ئەلفۆنسۆ سیاسەتی شەرکردنی نێوان دەوڵەتەکانی طوائف پەیرەو کرد کە هەر دەوڵەتێکی بە دەوڵەکەی تری پێوەدەنا بۆ ئەوەی شەر بکەن، ئەم دەوڵەتۆکانەش جێبەجێ کارێکی باشی سیاسەتەکەی ئەلفۆنسۆ بوو هەتا پێیان دەکرا لێکیان دەداو یەکیریان لە ناو دەبرد.

سەردەمی مورابتین ٤٨٤ك تا ٥٢٠ك

- دروست بونی دەوڵەتی مورابتین دەگەرێتەوە بۆ هۆزی لمتونە کە بەشێکە لە صنهاجە لە هۆزی گەورەی بورانس، بۆیە ئەم دەوڵەتە بە دەوڵەتی لمتونەش دەناسرێ.
- سەرەتای سەرهەڵدانی مورابتین دەگەرێتەوە بۆ کۆمەڵە کەسێك کە لە ریباتی عەبدولای یاسین فێریی مەزهەبی مالیکی دەبوون ئەمانە دەستیان کرد بە بڵاوکردنەوەی بیرۆکە ئاینییەکانی خۆیان هەر بۆیە پێیان گوترا مورابتین.
- یەکێك لە و کەسانەی کە ئەم مەزهەبەی پەیرەو کردو لە ریباتەکەی عەبدولا یاسین بوو (یەحیای عومەر ئیبراهیم) گەورەی هۆزی لمتونە،
- دوای یەحیا براکەی ئەبوبەکر دەسەڵات وەردەگرێت ئەمیش لەسەر هەمان سیاسەتی براکەی دەروات لە پەیرەوکردنی بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی مورابتین، هەر بۆیە بنکەیەکی سەربازی گرینگی دروست کرد کە شاری مەراکش بوو لە ساڵی ٤٦١ك، بەڵام لە ساڵی ٤٦٣ك کە کێشە دروست بوو لە نێوان بەشەکانی هۆزی

صەنهاجە (لمتونە، جەدالە) ئەبوبەکر ناچار بوو ناوچەی حوکمی جێ بهێڵێت بۆ کوری مامی یوسف تاشفین تا حوکمی ناوچەکە بکات تا ئەو دەگەڕێتەوە خۆشی چوو بۆ چاکردنی بارودۆخی لمتونەو جەدالە کۆتایی هێنان بە ناکۆکییەکانیان.

- بەڵام کاتێك کە گەراوە بۆ ناوچەکەی بینی کورە مامەکەی یوسف تاشفین زۆر باش ناوچەکەی بەرێوەبردوە بۆیە دەست بەرداری حوکم بوو بۆ یوسف تاشفین.
- دەوڵەتی مورابتین لەسەرەتای دروست بونی هەوڵیدا مەغریب گشتی بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی پاشان روو بکەنە ئەندەلوس ئەو ناوچانەی مایە رزگاری بکەن لە ئیسپانەکان، هەر بۆیە دەستیان کرد بە خەبات بۆ رزگار کردنی ناوچەی ئەندەلوس.
- بارودۆخی ئەندەلوس رۆژ لە دوای رۆژ خرابتر دەبوو شار لە دوای دەکەوتە دەستی ئەلفۆنسۆی شەشەم هەروەها بە کەیفی خۆی پارەی لەسەر شارە ئیسلامییەکان دادەنا وەکو جزیە.
- پاشاکانی موسوڵمانانیش ئەوانیش ئەم پارەیان لە خەڵك وەردەگرت ئەوە بوو رۆژ لە دوای رۆژ ئەرکی موسوڵمانان قورستر دەبوو بە دانی ئەم پارانە.
- ئەوە بوو پاشاکانی موسوڵمانان بە یارمەتی زانا ئاینییەکان داوایان کرد دەوڵەتی مورابتین داوا بکەن تا یارمەتیان بدات.
- ئەوە بوو هەر یەك لە گەورەکانی شارەکانی (موعتەمد کوری عیباد خاوەنی ئیشبیلیە، متوەکل کوری ئەفتەس خاوەنی بەتلیمۆس، عەبدوڵا کوری یەلقین خاوەنی غرناتە)، کەگشتیان وەفدێکیان نارد بۆ لای یوسف تاشفین داوای یارمەتیان لێکرد.
- وەفدەکە پێك هاتبوو لە پیاوانی ئاینی ئیسلام کە داوای یارمەتیان کرد بۆ رزگار کردنیان لەم تەنگەژەیە، ئەوە بوو یوسف تاشفین وەڵامیانی داوەو هێزێکی نارد بۆ ئەندەلوس داوای کرد لە ئەندەلوسییەکان ئەوانیش ئامادەسازی بکەن بۆ شەر.

- ئـەوەبوو هێزێکـی ئەنـدەلوس لەگـەڵ هێـزی مـورابتین گشـتیان لـە نزیـك شـاری بەتلیمۆس کۆبونەوە هێزی ئەنـدەلوس لـە پێشـەنگ بـوو هێـزی مـورابتین لـە دواوە بوو.
- لە ئەنجام شەر روویدا کە ناسراوە بە شەری زەلاقە.

شەری زەلاقە ٤٧٩ك

- شـەری زەلاقـە ناوچـەیەکە دەکەوێتـە بـاکوری شـاری بـەتلیمۆس لـە نزیـك سـنوری پورتوگالی ئێستا.
- ئەلفۆنسۆی شەشەم کاتێك بەم ئامادەسازییە موسوڵمانانی زانـی داوای یارمـەتی لـە پاشـای شـاری ئـەرگۆن کـردو ئابلوقـەی سـەر شـاری سەرقسـتەی لادا کـە لـە هـەوڵی گرتنی دابوو، سوپای خۆی داواکرد لە شاری بەلەسیا، هەروەها یارمـەتی بـۆ هـات لـە خۆبەخشەکان لە باشوری فەرەنساو ئیتالیا.
- شـــەرەکە روویـــدا بـــەڵام دەرەنجامەکـــەی تێکشـــانی ســـوپای مەســـیحییەکان بـــوو موســـوڵمانان توانیـــان ســـەرکەوتن بەدەســـت بهێـــنن و ســـنورێك دابنـــێن بـــۆ پێشرەوییەکانی ئەلفۆنسۆی شەشەم.
- ، دوای ئەم سەرکەوتنانە یوسف ناچـار بـوو بگەرێتـەوە مـەغریب چونکە کورەکـەی کۆچی دوایی کردبوو بەڵام هێزێکی سێ هەزار کەسی لە ژێر دەستی موعتەمید دانـا تاکو یارمەتیان بدەن بۆ پارێزگاری کردن لەم سەرکەوتنە.
- یوسـف تاشـفین سـاڵی ٤٨٣ك جـارێکی تـر دەگەرێتـەوە ئەنـدەلوس و گشـت پاشـاکانی ئەندەلوس لە دەسەڵات لادەدات چونکە پێـی وایـە شـایەنی بـەرێوەبردن نینـە تـەنها شاری سەرقستە ناگرێت چونکە ئەم شارە لە گشت لایەك بە مەسیحی دەورە درابـوو پێی وابوو ئەگەر هێرشی بکاتە سەر ئەوە لەوانەیە لاوازبێت و خێـرا بکەوێتـە ژێـر دەسەڵاتی مەسیحییەکان بۆیە وازی لـەم شـارە هێنـاو گشـت ئەندەلوسـی یـەك کـردو خۆی بەرێوەی برد.

- **مورابیتــەكان توانیـان ناوچـەیەكی زۆر لـە ئەنـدەلوس بگرنــەوە بەتایبــەتی شـاری تولەیتلـە لـە ٥٠١ك و شـاری تـولیبرە لـە ٥٠٣ك ئینجـا دورگـەی بلیـار لـە ٥٠٩ك كـە دەكەوێتە رۆژهەڵاتی ئەندەلوس.**
- **بەڵام ئەم سەركەوتنانە شكستیشی بە دواوە هەبوو كە لەچەندەها ناوچـە شكستیان هێنا. وەكو شەری ناوچـەی كتنـدە نزیـك سەرقسـتە كـە لـە سـاڵی ٥١٤ك روویـدا لـەم شەرە ئەنـدەلوسییەكان تەواو شكستیان هێناو ژمارەیەكی زۆر كوژراویـان هـەبوو كـە هەندێكیان زانای ئاینیش بوون.**
- **دوای ئەم هەموو سەركەوتنانە كە مورابتین بە دەستیان هێنا لە ئەندەلوس.**
- **بەڵام لە مەغریب ناوچەی مصـامدە بـە سـەركردایەتی محمـد تـومرت شۆرشـی دژی مـورابتین راگەیانـدرا، ئەمـەش وای لـە مورابیتـەكان كـرد روو بكەنـە مـەغریب بـۆ ئەوەی رزگاری بكەن  هەر ئەمەش بوو وایكـرد شـارەكانی ئەنـدەلوس یـەك لـە دوای یەك داگیر بكرێتەوە.**
- **ئـەوەی بارودۆخەكـەی  ناخۆشـتر كـرد مردنـی عـەلی كـوری یوسـف كـوری تاشـفین سێیەم میری مورابتین لە ٥٣٧ك.**
- **هـەروەها هەڵگەرانــەوەی هەنــدێك لـە ئەندەلوسـییەكان دژی مورابیتــەكان، ئــەم بارودۆخەی باس كرا هۆكارێك بـوو بـۆ ئـەوەی مورابیتـەكان لـە ئەنـدەلوس بونیـان لاواز بێت.**

هۆكارەكانی ڕووخانی دەوڵەتی مرابطین

١-میرەكـانی كۆتـای دەسـەلاتی دەولـەتـی مـرابطین لە جێگـای بەرێوەبردنی وڵات و رووبەرووبونەوەی میرنشینە نەصرانیەكان خەریك بوون بە ژیانی خۆشگوزەرانی و رابواردنی ژیـانی تـایبەتی خۆیـان.كە ئەمەش كـاریگەری خراپـی هەمـوو لەسـەر ئەنەدلوسیەكان بەرامبەر مرابطینەكان و دواتر دەركردنیان.

٢- دووركەوتـنەوەی میرەكـانی كۆتـای دەولـەتــی مـرابطین لە بیروبـاوەری ئـاینی ئیسلام ئەمەش وای كـرد خەلكـی موسلمانی ئەنـدەلوس گلەیـی لەم لادانە و گەندەڵیە

بکەن ، و وەڵامی بانگەوازی محمد بن تومارت بکەن ، کە خۆی وەک زاهید و دەروێشێک بۆ خەڵک نیشان دا، فەرمانی چاکە و قەدەغەکردنی خراپە دەکرد.

- ٣-گۆرینی سیستمی حوکمڕانی لە سیستەمی شورا بۆ سیستە می بۆماوەیی، ئەمەش ناکۆکی توندی دروست کرد لەسەر وەرگرتنی دەسەڵات لە نێو کوڕەکانی عەلی بن یوسفدا و کۆمەڵێک میر کەوتنە ململانێ لەگەل میر عەلی لەسەر دەسەڵاتەکەی، ئەمەش بووە هۆی ئاژاوە و تەنگەژەی ناوخۆیی کە بووە هۆی لاوازبوونی یەکێتی سیاسی و ڕووخانی شکۆمەندی دەوڵەتی مرابطین.
- ٤- بیرتەسکی هەندێك لە پیاوە ئایینی و فەقهیەکانی مەزهەبی مالکی هەوڵیاندەدا خەلك بەزۆر بەتەنیا پابەندی ئەم مەزهەبە بکەن. لە کاتێك دا هەندێك لەم پیاوە ئایینیە مەزهەبی سوود لە دەسەڵاتیان وەربگرن بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان کە لەو کاتەدا خاوەن دەسەلاتی زۆر بوون،ئەمەش کاردنەوەی توندی دروستکرد لە نێو کۆمەلگای ئەندەلوسی.

**5- هەروەها یە کێک لە هۆکارە هەرە گرنگەکانی کەوتنی دەولەتی مرابطین ، بە قە یرانێکی ئابووری سە ختدا تێپە ڕ بوو لە ئە نجامی نە بوونی باران بۆ ماوە ی چە ند ساڵێک، و هاتنی وشکەساڵی لە ئە ندە لوس و مە غریب، ئەمەش زەمینەی بڵاوبوونەوەی پەتا جۆراوجۆرەکان لەنێو زۆرێک لە دانیشتووانەکەدا دروستکرد و ئەم قەیرانە لە ماوەی نێوان ساڵان 524 - 530 کۆچی.**

**دەولەتی موەحدین ٥٣٩ك تا ٦٢٠ك**

- دەولەتی موەحدین دامەزرا لەسەر بناغەی بانگەشەی ئایینی چاکسازی بەمەبەستی بەدەستهێنانی یەکگرتووی موسلمانان و گراندنەوەی موسلمانان بۆ قورئان و سونەت. بەم شیوەی دووبارە دووبارە بە هێز بکەنەوەوە.
- **سەرکردەی دەولەتی موەحدین (ئەبو عەبدولاّ ئەلەهدی موحەمەد کوری تومرت ٤٨٥ك تا ٥٢٤ك)، دەگەرێتەوە سەر هۆزی هرغە لە مصمودەی برانس کە نیشتەجێ ناوچەی (سوس) ن، لە باشوری مەغریب، دوای خۆی کورەکەی (عەبدولمۆئمن کوری عەلی ٥٢٤ك تا ٥٥٨ك) دەسەلات وەردەگرێت و دەوڵەتی مورابتین لەناو دەبات مەراکیشیش دەکات بە بنکەی دەسەڵاتی.**

- **موحدییەکان لە ساڵی ٥٤٦ك لەسەردەمی عەبدولمۆئمن علی داخیلی ئەندەلوس دەبن و دەتوانن ئەو ناوچانەی ماوە لە ئەندەلوس بەتایبەتی لە بەشی باشوری ئەندەلوس یەك بخەن.**
- **بەڵام ناوچەکانی رۆژهەڵات بەتایبەتی دورگەکانی رۆژ هەڵات (بلیار) لە ژێر دەسەڵاتی سەرکردە گەورەکانی موراتبین مابوە، هەروەها هەردوو ناوچەی بەلەنسیا و مرسیە لە ژێر دەسەڵاتی میر موحەمەد کوری سەعد کوری مردەنیش بوو، ئەم ناوچەیە واتا ناوچەی بلنسیەو مرسیە لەسەردەمی خەلیفەی موەحدین یوسف کوری عەبدولمۆئمن (٥٥٨ك تا ٥٨٠ك) چونە پاڵ دەوڵەتی موەحدین.**
- لە سەردەمی موحددین ئەندەلوس بوو بە مەیدانی جیهاد کردن بەرامبەر نەصرانیەکانی باکوری ئەندەلوس
- خەلیفەی موحدی ابو یوسف یعقوب ناسراو بە المنصور ٥٨٠-٥٩٥ک ، بە خەلیفەیەکی مەزنی موحدی دادەنرێت، ئاگربەستی بەست لەگەل پاشاکانی قشتالە و لیون لە ساڵی ٥٨٦ک بۆ ماوەی ٥ ساڵ، دوای تەواو بوونی ئاگربەستەکە ٥٩٠ک نەصرانیەکان هێرشیان کردە سەر موسلمانان، بۆیە میر ابو یوسف یعقوب گەرایەوە ئەندەلوس لەگەل جەنگاوەرە هەرە باشەکانی موەحدی و لەئەندەلوسیش خەلک چووە پاڵی بەمە سوپایەکی مەزنی کۆکردەوە، لە هەمان کاتدا ڕکابەرە نەصرانیەکەی ئەلفۆنسۆی هەشتەم پاشای قشتالە و لیون پەنای بردە بەر پاشاکانی نەصرانی و پاپا بەمەش سوپایەکی مەزنی کۆکردەوە.

جەنگی ئەرەک(ألارک) ٥٩١ک

- هەر دووک سوپا لە نزیک قەلایەک بەیەک گەیشتن بە ناوی ئەرەک ٥٩١ک کە دەکەوێتە نێوان شاری تلیتلە و قورتبە، ئەنجامی شەرەکە سەرکەوتنی یەکلاکەرەوەی سوپای موسلمانان بوو. لە ئەنجامدا بۆ ماوەیەکی باش بارودۆخی موسلمانان لە ئەندەلوس جێگیر بوو .
- دوای ئەم شکستەی نەصرانیەکان ئاگربەستێک کرا لە نێوان نەصرانیەکان و موسلمانان ٥٩٤ک.

## ئەنجامەکانی جەنگی ئەرك(الارك)

**موسلمانان توانیان دەست بەسەر چەندین قەلا و ناوچەی قشتالیەکان دا بگرن.**

**موسلمانان دەسکەوتێکی ئێجگار گەورەیان بە دەست هێنا لە دیل و ئەسپ و کەلوپەلی جەنگی جگە لە پارە و زێرێکی زۆر.**

**دوای جەنگەکە ئەلفۆنسۆی هەشتەم گەرایەوە پایتەختەکەی طلیطلە. بەڵام سلطان المنصور دوای کەوت و گەمارۆی شاری طلیطڵەی دا . لیرەدا دایکی ئەلفونسوو خێزان و کچەکانی و ئافرەتەکانی تری کۆشك هاتنە لای سلطان المنصور داوای هەڵگرتنی گەمارۆیان لێکرد، ئەویش وەڵامی ئەرێنی دانەوە بەهۆی ئەوەی هەندێك هەڵگرانەوەیش لە مەغریب روویدا بوو لە دژی ویستی زوو بگەرێتەوە و سەرکوتیان بکات.**

**ئەم بارو دۆخە بەم شێوەیە مایەوە بۆ ماوەی 17 سال تا مردنی سلطان المنصور.**

**جەنگی عُقاب٦٠٩ک**

**دوای شکستی نەصرانیەکان لە جەنگی ئەرەک، پاشای نەصرانی ئەلفۆنسۆی هەشتەم بەردەوام بوو ئامادەکاری بۆ جەنگێکی تۆلەکەرەوە لە موسلمانان.**

**هاوپەیمانی بەست لەگەل پاشاکانی نەصرانی و پاپا بەمە سوپایەکی مەزنی ئامادەکرد لەگەل کۆتای هاتنی ئاگربەستەکە.**

**ئەوەی رێگاخۆشکەر بوو بۆ ئەلفۆنسۆی هەشتەم مردنی میری موحدی بەتوانا یوسفی کوری یعقوب ٥٩٥ک، هاتنی کورەکەی ابی عبدالله محمد ناصر وەک باوکی بە توانا نەبوو.**

**سوپای موسلمانان لە نزیک قەلایەک بەناوی عقبە سوپاکەیان وەستاند لەبەرامەریش سوپای نەصرانی بوو.**

**بەر لە دەست پێکردنی جەنگەکە سوپای نەصرانی دەستی بەسەر قەلایەکی موسلمانان داگرت بە ناوی رحاب ، لە کاتی گەیشتنی خاوەنی قەلای رحاب بۆ سەربازگەی ناصر بە بیَ لێپرسنەوە ئەم سەرکردە ئەندەلوسیەی کوشت ئەمەش بووە هۆی تورەی ئەندەلوسیەکان لە خەلیفەی موحدی دابەزینی ورەی سەربازەکان.**

و له كاتی جەنگەكە بەشێكی زۆری سەربازە موسلمانە ئەندەلوسەكان مەیدانی جەنگیان جێهێشت ئەمەش بووە هۆی شكستی موسلمانان و كوژرانی ژمارەیەكی ئێجگار زۆری موسلمانان.

- ابن عذاری وا وەصفی ئەم جەنگە دەكات كە هۆكاری نەمانی ئەندەلوس بووە لە دەست موسلمانان.
- دوای ئەم جەنگە موسلمانان زۆر بێهێز بوون زۆر شاری مەزن كەوتە دەست نەصرانیەكان نەصرانیەكان گەیشتنە شارە مەزنەكانی وەك قورتبە و ئەشبیلیە و مرسیە.
- دوای مردنی خەلیفەی موحدی ناصر ٦١٠ ك ناكۆكی كەوتە نێو بنەماڵەی موحدی ئەمەش رەنگدانەوەی هەبوو بۆ سەر باروودۆخی ئەندەلوس، لەسەردەمی موحدین تەنها میرنشینی غرناتە لە دەست موسلمانان مایەوە.

دەوڵەتی غرناتە ئەندەلوسی بچووك

سەردەمی بنەماڵەی ئەحمەر ٦٢٩ك تا ٨٩٧ك

- دوای شكستی موەحدییەكان چەندەها كەسایەتی لە ئەندەلوس بە دیاركەوتن بۆ رزگاركردنی ئەندەلوس لەوانە:
- كوری هود: لە بنەماڵەی هودە خاوەنی شاری سەرقستە لە ثغری باكوری ئەندەلوس ، ناوی تەواوی (ئەبو عەبدوڵا موحەمەد كوری یوسف كوری هود جەزامی)یە ناسراو بە میری موسوڵمانان سەیف الدولە و المتوكل على الله، خەباتی دەست پێ كرد لە شاری مرسیە لە ٦٢٥ك توانی شارەكانی مرسیە، گرناتە، قورتوبە، ئیشبیلیا، مەلگە، ئەلمرییە...هتد"دەست بەسەر دابگرێ هەروەها توانی كۆتایی بە دەسەڵاتی موەحدین بهێنێت لە ئەندەلوس.
- دوای تێپەربوونی كات شەری یەك لە دوای یەكی كوری هود دژی مەملەكەتی مەسیحییەكان ناوچە لە دوای ناوچەی لە ئەندەلوس لە دەست دەدا.

**ابن الأحمر و دامەزراندنی میرنشینی غرناطە:**

- **کوری هود بەتەنها لە مەیدان نەبوو بەڵکو کەسانی تر هەبوون لە ئەندەلوس ئەمانیش خەباتیان دەکرد، وەکو ئەبو عەبدوڵا موحەمەد کوری یوسف کوری نەصر ناسراو بە کوری ئەحمەر، نازناوی شێخ و الغالب باللە، دوای مردنی کوری هود لە ٦٣٥ك لە ئەلمریە دوای ئەوەی کوری هود خۆی ئامادە دەکرد بۆ رزگارکردنی بلنسیە بەلام نەیتوانی بەهۆی مردنی، بەڵام کوری ئەحمەر توانی درێژە بە خەباتەکە بدات مەملەکەتی گرناتە دروست بکات کە ناسرا بە ئەندەلوسی بچوك.**

**میرنشینی غرناطە(ئەندەلوسی بچوك) بۆ ماوەی دوو سەدەو نیو بەردەوام بوو.دەسەڵاتێکی پشتاوپشت لە بنەماڵەی ابن احمر لە ئەندەلوسی بچوك فەرمانرەوایان کرد کە نزیکەی بیست سلطان بوون، بەشێکی زۆری ئەم سولطانانە لێهاتوو بە توانا بوون.**

١- محمد الغالب باللە

- محمد کوری یوسف کوری الاحمر- بنەچەی دەگەرێتەوە بۆ هاوڵی پیغەمبەر د خ( سعد کوری عباده الأنصاری)-
- لە شاری (أرجونە)ی رۆژهەلاتی قرطبە لە دایك بووە لە ساڵی ٥٩١هـ/١١٩٥ز.
- ئەم کەسایەتیە ناسراو بووە بە ئازایەتی و بوێری و خاوەن بریار. بانگەوازی دووبارە ریکخستەوەی کرد و خەلك لە دەوری کۆبوونەوە. و خۆی بە میر ناساند.
- دەسەڵاتی گواستەوە شاری جیان. هەموو باشوری ئەندەلوس ملکەچی دەسەلاتی بوون

**دروستبونی مەملەکەتی غرناتە**

- **دوای ئەوەی کوری ئەحمەر توانی هەریەك لە شارەکانی ئەلمریە و گرناتەو مەلەگە بگەرینیتەوە، دەستی کرد بە چاکردنی بنکەی دەسەڵاتە نویکەی ئەوە بوو شاری گرناتەی کردە پایتەخت و ئینجا رووبەرووی کیشەکانی بۆوە کە سێ کێشە بوون:**

- ١- نــاكۆكی نــاوخۆیی کــه ئه‌وانــه‌ی پشــتگیریان لێکــرد تــا ده‌ســه‌ڵات وه‌رگرێــت هه‌لگه‌رانــه‌وه لێــی ئــه‌وانیش بنه‌ماڵه‌ی ئه‌شـقیوله که ده‌سـتیان کـرد بـه پـه‌یوه‌نـدی پـه‌ستن له‌گه‌ڵ ده‌وڵه‌ته مه‌سیحییه‌کان دژی کوری ئه‌حمه‌ر.
- ٢- نه‌بونی پاره له ژێر ده‌ستی کوری ئه‌حمه‌ر.
- ٣- کێشه‌ی سه‌ره‌کی ده‌وڵه‌ته مه‌سیحییه‌کان بوون که ده‌یانویست له ناوی به‌رن به‌ڵام کوری ئه‌حمه‌ر له‌گه‌ڵ پاشای قشتاله فرنادۆی سێیه‌م رێکه‌وتننامه‌یه‌کی مۆرکرد لـه ساڵی ٦٤٣بۆ ماوه‌ی بیست ساڵ که شه‌ر له نێوانیـان رابوه‌ستێ وه کـوری هـود سـاڵانه جزیه بدات به پاشای قشتاله وه له‌کاتی پێویست سه‌ربازی بۆ ئاماده بکات.

**میرنشـــــینی غرنـــــاطه دوای مردنـــــی دامه‌زرێـــــنه‌ره‌که‌ی:**

**٢- محمد الفقیه**

- له سـالی ٦٧١ك/ ١٢٧٢ز محمد کـوری یوسـف کـوری نصـر ناسـراو به ( شیخ)کۆچی دوای کـرد دوای ئه‌وه‌ی کـوره‌که‌ی محمدی وه‌ك جێنشـین له دوای خۆی ده‌ست نیشـان کـرد، به‌مه‌ش بنه‌مـای فه‌رمـانره‌وایه‌تی کردنـی به پشـتاو پشت چه‌سپاند له میرنشینه‌که‌ی.
- محمدی دووه‌م بـووه فه‌رمـانره‌وا و نازنـاوی (فقیـه) یـان پیبه‌خشـی. به‌هـۆی سه‌رقالی بوونی به زانست له سه‌رده‌می باوکی.

**مێژوونـووس (ابـن الخطیـب) له بـاره‌یه‌وه ده‌ڵێـت:"ئه‌و که‌سـه بـوو کاروبـاری وڵاتـی رێکخسـت و نازنـاوه‌کـانی دانـا، دیـوان و باجه‌کـانی رێکخست. له‌گه‌ل گرنـگی دانـی به سوپا به‌تـایبه‌ت به سـواره‌کان.... و سیاسیه‌کی پایه بڵند بوو...، ئه‌دیبێکی زانا بوو شـعری داده‌نـا و له‌گه‌ل زانــا و ئـه‌دیـب و پزیشـك و ئـه‌سـتێره‌ناس و زاناکــان و نووســه‌ر و شاعیران کۆده‌بووه‌وه"**

**میر محمدی دووه‌م(الفقیه)رووبه‌رووی سێ کیشه‌ی سه‌ره‌کی بوه‌وه:**

- ١- کێشه‌ی له‌گه‌ل ئیسپانیه‌کان. تـوانی به‌سـه‌ریان سـه‌ربکه‌وێت له‌مه‌ش هه‌ڵـی مردنی پاشاکه‌یانی قۆسته‌وه.
- ٢- له‌گه‌ل (مرینین)یه‌کان که به‌هۆیانه‌وه له جیهاد کردن له‌گه‌ل نه‌صرانیه‌کان ســه‌رکه‌وت. ئه‌مه‌ش وای لیکــردن چــاو ببــرنه ده‌ســت به‌ســه‌رداگرتنی فه‌رمانره‌وایه‌تی ئه‌نده‌لوسی بچوك. هه‌ر ئه‌مه‌ش وای له سلطان محمدی دووه‌م

کرد هاوپەیمانی ببەستیت جارێك لەگەڵ پاشاکانی ئاراگون. جارێکی تر لەگەڵ پاشای قشتالە بۆ رووبەرووبونەوەی مەترسی مەرینیەکان.

- ٣- لەلایەکی تری کێشەی هەبوو لەگەڵ هاوپەیمانی باوکی (بنی اشقیولە)و مەترسیان زیادی کرد هەر ئەمە وای لێکرد دەریان بکات بۆ باکوری مەغریب لە ساڵی ٦٨٧ك.
- محمد فقیـــه لە ســـاڵی ٧٠١ك/ ١٣٠٢. کـــۆچی دوای کــــرد. دوای ئەوەی سەرکەوتوو بوو لە پاراستنی میرنشینەکەی لەسەر ئاستی ناوەخۆ و دەرەکی.

دوای سولتان محمد الغالب باللە و کورەکەی محمد الفقیە لە میرنشینی بنی الاحمر چەند میرێکی تری بەتوانا دەرکەوتن:

- ١- ابو ولید اسماعیل ٧١٣-٧٢٥ك/١٣١٤-١٣٢٣ز

میریکی بەهێز و دوور بین و شارەزا لە بارودۆخی میرنشینەکەی، بە سیاسەتەکەی توانی پارێزگاری لە خاکی ولاتەکەی بکات. و توانی لە ژێر ملکەچی میرنشینی نەصرانی قشتالە خۆی رزگار بکات بە یارمەتی هێزەکانی دەولەتی مەرینی لە مەغریب کە مافی مانەوەیان پێبەخشرا لە ئەندەلوس بۆ جیهاد کردن و بەرگری کردن لە خاکی موسلمانان لە ئەندەلوس کە ناسران بە (مشیخه الغزاة)

جەنگی طریف(٧٤١ك/١٣٤٠ز)

**لە سەرچاوەکانی ئیسپانی بە (ریو سالادو)ناسراوە. ئەم جەنگە بوو لە نێوان موسلمانانی ئەندەلوس بە سەرکردایەتی (ابی الحجاج یوسف بن ابی الولید اسماعیل) و لەگەڵ مەرینیەکان لەلایەك، لەلایەکی تر سوپای میرنشینی قشتالە بە سەرکردایەتی ئەلفونسوی یازدەم و میرنشینی بورتگال بە سەرکردایەتی ئەلفونسوی چوارەم بوو.**

- **ئەم جەنگە لە ٧٤١ك/١٣٤٠ز رویدا. پاشای قشتالە هێزێکی گەورەی کۆکردەوە لە قشتالیەکان و ئەرەغۆن و پورتغالیەکان. بەرەوو شاری طریف رۆیشتن تا بە شێوەیەکی کۆتایی ڕێگای نیوان ئەندەلوس و مەغریب بپچرینن.**

- **هەرچەنـدە سـولتان ابـو حجـاج یوسـف و ابـو الحسـن میـری مەرینـی بە شـێوەیەکی بـاش خۆیـان بـۆ ئەم جەنـگە ئامـادە کـرد بەلام موسـلمانەکان سەرکەوتوو نەبوون لە جەنگەکە شکان.**
- **ئەم شکسـتەش شکسـتیکی یەکـلاکەرەوە بـوو لە مێـژووی ئەنـدەلوس، ژمارەیەکی زۆری موسلمانان لەم جەنـگە کوژران.سەرەتای کۆتـای هـاتنی بەتەواوەتی موسلمانـان لە ئەندەلوس.**

**دوای شکانی موسلمانانەکانی ئەندەلوس لە جەنگی طریف بەمە کۆتـایی هـات بە یارمەتی دانـی مەرینیەکـان بۆ ئەنـدەلوس.بەمەش بووە هۆی هیـوا برانـی هێزی غرنـاطە کە بۆ ماوەیەکی درێژ بمینەوە.**

**دوای جەنگە کە ئەلفونسوی یازدەهەم پاشای قشتالە گەمارۆی جبل طارقی دا لە سـالێ 750ك ئەوەنـدەی نەمـابوو دەستی بەسـەر دابگریت بەلام بەهۆی کۆچی دوای کردنـی ئەلفونسـو سـەرنەکەوتن. بەهـۆی بلاوبـوونەوەی دەردو نەخۆشـی گەورە لە ئەنـدەلوس و زۆربەی جیهـانی ئیسـلامی و ئەوروپـا ی گرتبـووەوە. بوهۆیەوە ژمارەیەکی زۆری زانا و گەورە پیاوانی وڵات غرنـاطە لەناوچوون.**

**کۆتایی مەملەکەتی غرناتە**

- **هۆکاری کەوتنی مەملەکەتی گرناتە:**
- **بنەماڵەی میرەکانی گرناتە بە تێپەربوونی کات ناکۆکی لە نێوانیان لەسەر دەسەڵات دروسـت بـوو هـەروەها هـاتنی مـیری بـێ دەسـەڵات و بـێ توانـا هۆکـارێکی تـری ئـەم کەوتنە بوو جگە لەوەی دەوڵەت مەسیحییەکان ناوچە لە دوای ناوچـەی ئەنـدەلوس لـە ژێـر دەسـتی موسـولمانەکانیان وەردەگـرت واتـا مەملەکـەتی گرناتـە ناوچـەیەکی بچوك بوو نەیدەتوانی بەرامبەر ئەم هـەموو هێـزەی مەسـحییەکان رابوەسـتێت کـە خۆی لە خۆیدا لە ناوخۆ گەندەڵی و ناکۆکی لەسەر دەسەڵات بەردەوام بوو.**

- **بەلام کەوتنی گرناتە راستەخۆ دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی میر موحەمەدی یازدەم کە ناسراو بوو بە ئەبی عەبدولاّ یان ئەبی عەبدولاّ صەغیر واتا بچوك کە دایکی مەسیحی بوو، باوکی ئەبی عەبدولا کە ناسراو بوو بە ئەبو حەسەن عەلی لەسەردەمی ئەو خێزانەکانی هەریەکەیان هەولێدەدا تەختی دەسەلاّت بۆ کورەکەی زامن بکات لە کۆتایدا ئەبی عەبدولاّ و دایکی سەرکەوتن بەلاّم ئەمە هۆکارێك بوو بۆ ئەوەی مامی ئەبی عەبدولاّ و برای ئەبی حەسەن عەلی لە کورە براکەی یاخی ببێت و ململانێ یەکتری بکەن ئەم ململانێیە وایکرد گرناتەی بۆ دوو بەش دابەش کرد**
- **ئەم دابەش کردنە هۆکارێکی تر بوو کە پالّی بە مەملەکەتی قشتالە و لیۆن نا دژی گرناتە بجەنگن و لە سالّی ٨٩٧ك داخیلی گرناتە بن و دەستی بەسەر دابگرن.**
- **فرناندۆ پاشای قشتالە و ئیزابێلا شاژنی لیۆن هەردوکیان یەکیان گرت و توانیان کۆتایی بە مەملەکەتی گرناتە بهێنن بەلاّم بەر لە داخیل بونیان رێکەوتنامەیکیان مۆرکرد کە ژیان و مالّی مۆرسکیون پارێزراو بێت (مۆرسکیون ووشەیەکی کورتکراوەیە بۆ ووشەی مۆرە کە بەمانای ئەندامانی گەلی موسولّمان دێت) لە کۆمەلّگای مەسحی ئەو کات، بەلاّم مەسیحییەکان خاوەن بریارەکەی خۆیان نەبوونو بەلّکو دەستیان کرد**
- **بە ئازاردانی موسولّمانان و ناچار کردنیان لەسەر وازهێنان لە ئاینی ئیسلام ئەوە بوو هەندێك لە موسولّمانان ئەندەلوسیان جێهێشت هەندێکی تر بونە مەسیحی هەندێکی تریش بە نهێنی هەر موسولّمان مانەوە.**

بەلاّ و کارەساتی مورسکیون

- بە پێی رێکەوتنی رادەستکردنی غرناطە و شارەکانی تری ئەندەلوس،موسلمانەکان مافەکانیان پارێزراو دەبێت و لەگەل مانەوەی مزگەوتەکانیان.

- هەر بەپێی ئەم ڕێکەوتنامەیە موسلمانەکان ئازادن لە ئەندەلوس بمێننەوە یاخوت بەجێی بهێڵن.
- بەڵام نەصرانیەکان خاوەن پەیمانی خۆیان نەبوون هەر ئەوەندە دەستیان بەسەر غرناطە داگرت،هەموو پەیمانەکانیان بیرچووەوە.
- یەکەم کاریان گۆرینی مزگەوتی غرناطەیە بۆ کەنیسە
- لە ساڵانی سەرەتاییدا کڵێساکە تیمی مژدەدەری ڕێکخست بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی مەسیحی.
- سەرەتا پێیان وابوو موسڵمانان بە ئاسانی دەبنە مەسیحی، بەتایبەتی کاتێک سەرکردەکانیان کۆچ دەکەن و زۆرێک لە گەورەکانیان لە ئایینی خۆیان هەڵگەرانەوە.
- کاتێک ساڵەکان تێپەڕین و ئەم تیمانە هیچ ئەنجامێکیان بەدەست نەهێنا، کەنیسەکە و دەوڵەت دەستیان کرد بە بیرکردنەوە لە گۆڕینی سیاسەتەکەیان لە نەرمی بۆ توندوتیژی، هەموو مەرجەکانی پەیمانی تەسلیمبوونی غرناطەی یەک لە دوای یەک هەڵوەشاندەوە.

**سەرەتا لە موسڵمانانی بەڕەچەڵەک مەسیحییەوە دەستی پێکرد، کاتێک حکومەت بڕیاریدا وەک لادەر(مرتد) مامەڵە لەگەڵ ئەوان و منداڵەکانیان و نەوەکانیاندا بکات، ئەوانیش دەستیان کرد بە ڕاوەدونانی خێزانە موسڵمانەکانی بەڕەچەڵەک مەسیحی و زیندانیکردنیان ئەگەر ئامادە نەبوون ببنە مەسیحی.**

به زۆرەملێ بە مەسیحی کردن

- **لە ساڵی ١٥٠٠ی زایینی، شاژن ئیزابێلا چووە غرناطە بۆ بەدواداچوون و سەرپەرشتیکردنی پرۆسەی مەسیحیبوون.**
- **و بریاری بە زۆر ناچارکردنی خەلکی میرنشینی غرناطەی دا بۆ نەصرانی لەبەرامبەردا ئەگەر هاتوو بوون بە نەصرانی هەمان مامەلەی دارای نەصرانیە پێشینەکانیان دەبێت.**
- **هەر بەپێی ئەم فرمانانەی دەوڵەت نەصرانیە نوێکان**
- **- نابێت ئاژەلەکانیان لەسەر شێوازی ئیسلامی سەرببرن.**

- **ـ قەدەغەیە جل و بەرگی ئیسلامی بپۆشن.**
- **-ناچارکران ناوە ئیسلامیەکانیان بگۆڕن**
- **ـ تەنانەت ناچارکران داب و نەریتی ئیسلامی بگۆڕن بۆ داب و نەریتی نەصرانی.**
- **ساڵی ١٥٠٠ی زایینی کۆتایی نەهات تا مەسیحیبوون بەسەر شانشینی کۆنی غرناطە بڵاوبووەوە، هەر لەو ساڵەدا فەرمانی قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی عەرەبی دەرچوو.**
- فەرمانێک دەرچوو کە "نەصرانیە نوێیەکان" لە هەڵگرتن و خاوەنداریتی چەک قەدەغە کران، و مەرجی ئەوە بوو کە سەرپێچیکاران بۆ یەکەمجار بە زیندانیکردن و دەستبەسەرداگرتن سزا دەدرێن، و بۆ جاری دووەمیش بە لەسێدارەدان.
- ئیسپانییەکان بە فەرمی لەناوچوونی ئیسلامیان لە ئەندەلوس ڕاگەیاند، چیتر ناوی موسڵمانانی ئەندەلوس ناهێنن جگە لە "مەسیحییە نوێیەکان" یان مۆریسکیون کە وشەیەکی بچووککراوە بۆ "مۆرۆ"ە بۆسووکایەتیکردن و "مۆرۆ" بۆ ئیسپانیەکان واتا موسڵمان
- دوای ئەو هەموو هەوڵانەی پاشا و شوێنکەوتوانی بۆ مەسیحیکردنی موسڵمانان لە ئەندەلوسدا، هەواڵیان بۆ هات کە تەنانەت ئەوانەی وەڵامی هەوڵەکانیان دایەوە، بە نهێنی لە نێو خۆیاندا ڕێوڕەسمی ئیسلامیان ئەنجام دەدەن و بە شێوازی ئیسلامی هاوسەرگیریان دەکرن و ڕەتیدەکەنەوە مەی بخۆنەوە و گۆشتی بەراز بخۆن، لە دانیشتنەکانیان قورئان دەخوێنەوە لەبەریدەگرنەوە لە نێوان خۆیاندا ئالوگۆری پێدەکەن، بەڵکو لە ناوچەی بالنسیە ژمارەیەک کاسۆلیکی ئیسپانیایان موسلمان کردوە و فێری زمانی عەرەبی و ڕێوڕەسمی ئیسلامییان کردون.
- لەسەر بنەمای ئەم ڕاپۆرتانە، بڕیار درا هەموو مۆریسکۆکانی ئیسپانیا بخرێنە ژێر دادگاکانی (محاكم تفتيش) بەبێ جیاوازی، هەروەها هەموو ئەو مەسیحیانەی کە گومانیان لێدەکرێت چوونەتە ناو ئیسلامەوە یان کاریگەرییان لەسەر بووە بە شێوەیەک کە پێچەوانەی بیروباوەڕی کەنیسەی کاسۆلیکی بێت.

- بەمەش دڕندەترین و خوێناویترین ماوەی مێژووی کەنیسەی ڕۆژئاوا دەست پێدەکات، ئەم دادگایانە دەستیان کرد بە گەڕان بە شێوەیەکی ترسناك و شێتانە بە دوای هەر موسلمانێك بۆ ئەوەی دادگای بکات.

دەرکردنی مۆریسکیون لە ئیسپانیا

- بە هاندانی هەندێك لە گەورە پیاوانی وڵات و هەندێك پیاوی ئاینی کلیسا، فیلیپی سێیەم پاشای ئیسپانیا مۆریسکیونەکانی لە ئیسپانیا دەرکرد لە پرۆسەیەکدا کە لە نێوان ساڵانی ١٦٠٩ و ١٦١٤ ز بەردەوام بوو، وەک ئەوەی فەرمانیان پێکرابوو بۆ ئەوەی "لە ژێر ئازاری مردن و بێبەشیدا، بەبێ دادگاییکردن و سزادان. وە هیچ پارە و زێڕێك لەگەڵ خۆیان نەبەن... تەنها بەو شتانە دەڕۆن کە دەتوانن هەڵیبگرن."